# سەفەر نیشتمانی نییە

موسافیر هەر هیچ

شیعر

# سەفەر نیشتمانی نییە
# موسافیر هەر هیچ

نووری بێخاڵی

سەفەر نیشتمانی نییە، موسافیر هەر هیچ
بابەت: شیعر
نووسینی: نووری بێخاڵی
بەرگ: تەیب موعتەسەم
نەخشەسازیی ناوەوە: عومەر جاف
چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١٧
لە چاپکراوەکانی (ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کولتووری)
تیراژ:
نرخ:
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان- هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی ()ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

## شوون هەڵگر!

دوای بارانیش
ڕێگا دەخوێنمەوە!
دەزانم،
بەو ناوەدا گوزەرت کردووە،
یان نا!
سێبەری پێیەکانت،
بەسەر تۆزی دوای باران
دەبینم!

***

ڕێگا دەخوێنمەوە..
لە شکانی دڵی درەخت،
لە قرچەی ڕۆحی گەڵاکان،
بە دەست دڵڕەقیتەوە!
تێدەگەم،
بەو ناوەدا ڕەت بوویت!
چما بێ منی ئەوە دێنێ،
دەستت بچێتە پرچی درەخت؟!

***

ڕێگا دەخوێنمەوە!
بە سەمای درەختەکانەوە دەزانم،
بەو ناوەدا ڕەت بوویت!
ئەوە نییە،
هێشتا مۆسیقای دەنگت،
دەیانهەژێنێ؟
بە شاگەشگە بوونی جۆگەلەکەدا دەزانم،
کە ڕەنگی ناو لەپت لە ئاوێنەی،
دڵۆپە ئاوەکانیدا دەڕژێ!
بە جریوەی چۆلەکەکاندا دەزانم،
بێرەدا ڕەت بوویت!
ئەوەتا هێشتا نیگابانن!

***

ڕێگا دەخوێنمەوە من
بە حەپەسانی شۆستە،
دەزانم بێرەدا ڕەت بوویت
بە دۆشدامانی ڕێبواران،
بەدیار سێبەری هەنگاوەکانت
بە واق وڕمانی شەقام،
لە ترپەی هەنگاوەکانت
بە منداڵە چەقاوەسووەکان،
کە فرسەتی خافڵبوونی دایکەکانیان
قۆستووەتەوە و
فڕکان فڕکانیانە بەو ناوەدا!
بە مۆڕەی بن ئەبرۆی ژنان،
لە پیاوەکانیان،
دەزانم،
ئەو ناوەت پڕ کردووە لە هەرا!
***

**ڕێگا دەخوێنمەوە**
**بە (با) دەزانم،**
**بەو ناوەدا گوزەرت کردووە**
**ئەوە نییە،**
**بۆنی پرچتی گرتووە؟**
**بە بالکۆنی ماڵەکانەوە دیارە،**
**کە نیگای کوڕەکانیان،**
**هێشتا بەسەر پەنجەرەکانیانەوەیە**
**بە دوکانی سەرتاشخانەکان،**
**کە لەناو ئاوێنەکانیاندا جێماویت**
**لە شوێنی وەستانی پاس،**
**بە دەنگدانەوەی چاوەڕوانیت!**

**....................**

**هێشتا شوێنپێی دیکەت ماون، پەلەت نەبێ،**
**دەیانخوێنمەوە.....**

## گەیشتن بە تۆ

بۆ گەیشتن بە تۆ،
نزیکترین ڕێگا،
بیرەوەرییەکانی بە یەکەوەبوونمان نین
ناوەوەی خۆمە
کە لەوێدا گیرت خواردووە
بۆ گەیشتن بە تۆ،
ژنەوتنی ترپەکانی دڵم
گوێگرتن لە دەنگی پێی،
هاتووچۆی خوێن،
بەناو دەمارەکانمدا
بینینەوەی نیگاکانم،

لەبەردەم ئاوێتەیەکی ڕووندا، بەسن
گەیشتن بە تۆ،
هێندە سەخت نییە
تەنیا کردنەوەی پەنجەرە،
بەسەر گمەی کۆتری،
سەر درەختی باخچەکەمان
نیگاکردنی فوارەی ئاوی،
بەلۆعەی حەوشەکە
بینینی شوێن ماچی تریفەی مانگ،
بەسەر ڕوومەتی،
دیوارەکانی ژوورەکەمدا،
کە تاریکیی تەنیایی،
بەری هاتنە ژوورەوەی بۆ ناگیرێ
خشپەی گەڵایەك، لە کاتی وەریندا
دەنگی دەنووك کوتینی کوکوختییەك،
لە شووشەی پەنجەرەکە،
کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەسن
بۆ گەیشتن بە تۆ،
نزیکتری ڕێگا،
خۆم و دڵ و
ماڵە بچکۆلانەکەمە

## میوانێک لە دەرگام دەدا

لە دڵەکوتەی پەنجەرەکەم دەزانم،
خوستێك لە حەوشەکەمانەوە دێ
لە دڵەڕاوکێی دەرگاکەم تێدەگەم،
میوانێکە ناوەخت دێ
چرپەیەك لە باخچەکەمەوە دەبیستم
بالکۆن رادەپەڕمێ،
شوێنپێی کەسیش نادۆزێتەوە
چراکان دادەگیرسێنم،
سێبەرێکی راپەڕیو نابینم
فیکەیەك دەکەم،
ئەو ناوە، هەر خامۆشە لە بێدەنگی
نە گمەی کۆترێ
نە خۆشاردنەوەی سیسرکەیەك
خشپەی گەڵایەك ناژنەوم
دیواری حەوشە لە حەوت خەو ڕاکشاوە
ئەم وەسوەسەیە لە خۆوە نییە،

کەسیش دیار نەبێ،
دڵم هەر دەڵێ
کەسێك لەو ناوەیە
دەیەوێ مەراق بێنێتە ناو ماڵەکەم
هەستێك ڕامدەکێشێ،
میوانێك لە دەرگام دەدا
سەرێك بە کۆڵانەکەدا دەگرم
تاریك، تاریك
نە سەمای چرایەك
نە شنەی گەڵایەك
نە چرپەی ڕێبوارێك
دەرگاکە دادەخەم و
مەست بە نەهاتنت، دەڕوانمە بێدەنگی حەوشە
لە بالکۆنی پەنجەرەکەم جریوەیەك دەژنەوم
بۆنیك دەکەم ئاشنا
چوزانم بەم ڕەهێڵەیە
وەك پاساری، خۆت کردووە بە ژوورەکەما

## تەنافباز!

شەڕ لەگەڵ تۆ،
وەك ڕاوكردنی ڕۆشنایی مانگە،
لە چواردەیدا
وەك دەستبازییە، لەگەڵ هەتاو
وەك سەماكردنە، لەگەڵ دەریا
وەك شەن و كەوكردنی (با) و تۆزە،
لە گەرمەی گێژەن و گەردەلوولدا
شەڕ لەگەڵ تۆ،
هەموو شتێكی جوانە
وزە بەخشینەوەیە بە ژیان
مانادانەوەیە بە وشە

من،
ئاتاج بەو شەڕفرۆشییەی تۆم
بە تەنافبازی و سەرکێشییەکانت
ئاتاج بەو شەڕانەتم،
کە دەمکەنەوە بە جەنگاوەر

## ئەنفالمکە

وەرە و
تا هێزی بازووت بڕ دەکات،
ئەشکەنجەم دە
بە مەرجێ،
شریقەی قامچیی پرچت،
لەسەر جەستەمدا بژنەوم
وەرە و
بە هەموو بوونمەوە، ئەنفالم کە
بە مەرجێ،
لە گۆڕی چاوەکانتدا، بمنێژە!

## ژوانێک لە ئیسکەندنافیا

ئەم ئێوارەیە
بەبێ ڤیزا
بەبێ بڕینی تکیت
بەبێ فڕین
لە بن پیرە درەختێکی ستۆکهۆڵم
لەسەر فەرشی کاشانیی گەڵا وەریوەکانی
ژوانێکم بەست و
بە باوەشێك گەرمی و
سەبەتەیێ ماچ، گەڕامەوە!
بڕیارە
سبەی ئێوارە
بە قاچاخی بچم و
قاوەیەك
لە کافتریایەکی لاچەپی
کۆڵانێکی لاچەپی کاترینەهۆڵم

کۆمان بکاتەوە و
ڕۆژی دواتر
بە سوایی گالیسکەیەك بێمەوە
ئەو دەڵێ
ئەمشەو بمێنەوە
دەچین لە نیوەشەودا
لە چۆکمۆك
خۆر لە نیوەی شەودا ڕاو دەکەین
ئێوارەی دواتر
پیاسەیەك بە لای قدیسە (کاترینا) دا دەکەین و
تێر بە سییەکانمان
بۆن بە هەناسەی گەڵا و
گوڵ و درەختەوە دەکەین
لەبەر قاپیی کاترینا
نزای پاکبوونەوە
لە مەریەمەی پاکیزە دەخوازین و
مەست مەست،
بەرەو ماڵ دەبینەوە

بەیانییەکەی
کە هێشتا برووسکەی بێداری
نەڕژاوەتە چاوەکانم
دێ و باوەشم پێدا دەکا
بە گوێچکەمدا دەچرپێنێ
ئەم نیوەڕۆیە
لە شیش هۆڵم
کە هەر لە گۆچان دەکا
دەستی خەونی پیریمان،
بە جوانییەکانی دەسپێرین
تامەزرۆییمان،
بە دارە دارەی، نەسیمی ئەوێ دەشکێنین
لە کەناری ئاوەکە، نانێك دەخۆین

وێنەیەك
لەو دووری دوورەوە
لەو بەرزایی بەرزاییەوە
بە تەنیشت شارەوە دەگرین و
تا پیرتر نەبووین
بە بنمیچی زاکیرەماندا هەڵیدەواسین!
پێم دەڵێ
پەلەت نەبێت
با ئێوارەیەکیشمان بۆ گریب شیفۆڵم بێت
لە بەرزایی قەڵاکەوە
خلیسکانێ بکەین و
تا سپی سپی دادەگەڕێین
خۆمان بە بەفر بشۆین
ئەو، فێڵی زۆری هەن
بۆ دواخستنم
بیانووی زۆرتر، بۆ مانەوەم
دێت و بە چرپەوە دەڵێ
بەشی نیگاکردنی مۆزەخانەکەمان با هەبێ

ئا، ئا
مۆزەخانەی کەشتیی (وارسا)
لەوێ پشووێك دەدەین و تەواو
ئەوەش دەکەم و قسەی ناشکێنم!
بەیانییەکەی دووبارە
بە هێمنی بیدارم دەکاتەوە
دێت و دەڵێ
کوڕی باش
چی تیایە، ئەمڕۆ نیگات
بە سیحری دوورگەی (گاملاستان) بشۆیتەوە
لە کەناری دەریاچەی (مالارین)دا
بۆن بە ژیانەوە بکەیت؟
لەوێ، توێشووی گەڕانەوەت پڕکەیت
لە شەڕابی سەرمۆر و
بڕێکیش، بەهارات
تا ئەوێشت پڕبێ لە بۆنی بیرەوەریی ئێرە!
وای لەو
لە شەیدایی ئەو
گڕووی گرتووە و بیانوو دەهێنێتەوە
دە توخوا هەر ئەمڕۆ
ئا،

بەس ئەمڕۆ بێینەوە
بەیەکەوە لە یوۆنشۆپینگ
لەو بەرزاییە
کە تا چاو بڕ دەکات دامێنی
شین دەچێتەوە لە ئاو
باوەشێ بە (ئۆپسالا)دا بکەین و
لەگەڵ هەورەکان، دەستبازی!
ئەوەش دەکەم و
بیرم هەر لەسەر گەڕانەوەیە
چاوم هەر لەسەر نازی ئەو
تێماوم
دەستم دەگرێ
بە سیحری بزەکانییەوە
خەیاڵم کۆت دەکا و دەمبا
دەڵێ
چۆنە
جوانترین ئاوابوون ببینی؟

چۆنە
خۆت لەبەر شەپۆلی زەردەپەڕ بشۆیت و
خۆرنشین لە چاوەکانتا بریسکە بدا؟
ئەوە نییە دەتگوت:
«شەلاڵم بە عەتری ئێوارە» و*
«چەند لە ئاوابوون دەچم من»
بیرت نایە بە تەوسەوە بۆت دەنووسیم:
«خۆرنشین ڕۆچۆتە ڕۆحم»
کە هەر دەچیتەوە
وەرە با ئەم ئێوارەیەش
لە (سیگتونا)
لە پەنا ئەو درەختانەی
عەورەتی خۆر
لە چاوی ڕێبواران دەشارنەوە
بەسەر ئاوی مەندی دەریا
جوانترین ماڵئاوایی خۆر ببینین
جوانترین ئاوابوون بنووسینەوە
ئەوەیش دەکەم

وەلێ
ئەو هێشتا برِی تینوێتی
بە دیداری من نەشکاوە
تا خۆم بیردەچێتەوە
تا گەڕانەوە بە چاوەڕوانی دەسپێرم
لەو کەنارە
هەتا درەنگ
بە بۆنی لامل و بنا گوێی،
مەستم دەکا
لەنێو دوو دەستەکانیدا،
ماندوویێتیم ڕادەژەنێ
وەنەوز دەدەم
سەری دەخاتە ژێر باڵم
هێندە نابا
خەو سواری چاوەکانم بووە
بۆ بەیانی
چاوەکانم، بە ژوورێکی وەنەوشەیی دەکەمەوە
بە باوەشێ بخوور دێت و دەڵێ
کوڕی باش بە
یەکشەمموانێکی خێرە
دەچین لە چەقی دەریاوە
لە ماڵی نزا

لە کڵێسای (کاملار)
ئەو ناوە غەرق دەکەین لە بۆنی بخوور
تێر گوێ لە میوزیك دەگرین
دوا تۆبەی پەشیمانی دەکەین
لەوێ
لە (کاملار)
بە ڕاهیبەیەك دەڵێین:
خوشکێ،
کێ یەکەم منداڵی پەناهەندەیی
نە ئێرە و نە ئەوێمان
تەعمید دەکات؟
ئەویش بە ڕەنگی سپی
بە دەنگێك کە هەر لە ئاسمانەوە بێ
پێمان دەڵێ:
مەگەر منداڵی ئەوین، خاوێن نییە؟
مەگەر عیشق پێویستی بە دەستنوێژە؟

.................................................

* (شەلاڵم بە عەتری ئێوارە)، ناوی یەکەم کتێبە شیعرییەکەمە.

# ژنێک لە نەسەبی دارمێو

ژنێك،
لەوسەری شەقامی یادەوەری
لە کۆڵانی چاوشارکێ
لە گەڕەکی پیاسەکانی دەم با
لە ماڵی عەتر
لە باڵکۆنەکانی مەراق
لە بەر پەنجەرەکانی خۆخواردنەوە
لە حەوشەی چریکە
لە باخچەکانی دزەکردنی ماچەوە، دێت
کۆشێ گەرمی و
سەبەتەیەك ئومێدی بۆ هێناوم
بە تاسەی سووتانەوە
باوەشم پیا دەکا و دەڵێ:
تکایە، بمبەوە بۆ ئەوێ
ئەوێی کاتژمێرەکانی شکاندنی تاسە
ئەوێی چرکەکانی تێکەڵبوون
ئەوێی ژیان
ژنێك پڕ پڕ لە ژنێتی
لێوڕێژ لە ژیان!

***

ژنێك، لە نەسەبی دارمێو
شەیدا بە ئاوێزانی
ژنێك، لە ڕەچەڵەکی ترێ
ئاودامان لە شیلەی مەستی
ژنێك، لە ڕەنگی گوڵ هەنار
مزر دەچێتەوە لە تامەزرۆیی
ژنێك، لە بەری سێو
ئاشنا بە گوناه
ژنێك، پڕ پڕ لە ژنێتی
لێوڕێژ لە ژیان!
***

ژنێك، سوور دەچێتەوە لە شەرمی داوا
ژنێك، تەنیایی لێ دەچۆڕێ و
تەڕ دەچێتەوە بۆ جووتبوون
ژنێك، لەسەر گازەرای پشت ڕاكشاوە
ڕووت، وەك دەریا
سەوڵێك شك نابا،
تامەزرۆیی شەق كا
نەورەسێك نییە،
دەنووك لە ناوكی بدات
دۆلفینێ نایە،
بەسەر سنگییەوە باز بدات
ماسییەك نییە،
بڕژێتە چاویەوە!
ژنێك، چ ژن؟
پڕ پڕ لە ژنێتی
لێوڕێژ لە ژیان!

## بیرت دەکەم

چەند بیرت دەکەم
وەك ئەوەی،
سەدەیەك بێت نەتمبینیبێ
وەك ئەوەی،
نەبینمەوە ئاوام
کەچی ئەوەتا
لەمێژ نییە،
(با)یەك،
گەڵای دەستەکانمی، لە چڵی گەردنت کردەوە
(ڕێگا)یەك،
پیاسەکانمانی، لە خۆیدا لوولدا
تاوێکە،
(هەتاو)ێك،
وەپێش سێبەری خواحافیزیت کەوت
(جۆگە)یەك،
ڕووخسارتی لە خۆیدا پێچایەوە!

## دڵم گۆڕستان نییە

سپی دەچمەوە لە گوناه
گوناهی، تۆ خۆشویستن
سپی دەچمەوە لە تاوان
تاوانی، دەستبەرنەبوون لە تۆ
من،
چڵی شکاوی، درەختێکی شەکەتم
هەتاوی عیشق، بەشی ژیانیی نەدا
من،
جۆگەلەیەکی وشك بووم
کانیی عیشق،
بەشی قوومێك، تەڕییّتی پێ ڕەوا نەبینی
تۆ، ئەی دلارام
بەم هەموو خەونی ژیانەوە
چۆن دەستت چووە دڵی هەتاو؟

چۆن دڵت هات،
ژیان سیس بکەیت بە یەئس؟
تۆ، ئەی دلارام
بەم هەموو مەیلی فڕینەوە
چۆن کەلی تامەزرۆیی
چاوەڕوانیی ڕۆحم نابینی؟
چۆن ئەو ترۆپکە بەڵەد نیت
هێلانەی بۆ نیشتنەوەت دروست کردووە؟
بنیشەوە
ئیتر وەرزی فڕین نییە
دەزانی من، چیتر بەرگەی خەم ناگرم؟
دەزانی دڵەی بیمارم،
شوێنی ناشتنی،
عیشقێکی دی، تیا نابێتەوە؟

## تیرۆژە شیعر

(کۆکردنەوەی وردە لمی بیرەوەریی پیاسەکانی ئێواران)

١

لە نیشتنەوەی پەپوولەیەك دەچم، من
کە دێمە ناو ژیانتەوە
بۆیە نیگات
بە شوێن سەفەر باڵەفرِکێکانمەوەیە

٢

هێندەی دڵۆپێ باران
ژیانم تێدایە
ئەویش دەسپێرمە، دەمی تینووی تۆ!

٣

ئەوەندە بەس نییە خۆشم بوویێت
ئەوەندە بەس نییە بیرم بکەیت
برِی عیشقم بەوانە ناشکێ!

٤

به یار بڵێن
چیتر بە شوێن سێبەری مندا نەگەڕێ
چرای نیگام لە تەوێڵی ئەودا پڕشنگ دەدا
بەیار بڵێن
چیتر بە دیار چاوەڕوانیی گەڕانەوەم دانەمێنێ
یەکەم وێستگەی سەفەرم، دوو چاوی ئەو بوو
دوا وێستگەی پشوودانیشم
دارستانی پرچی ئەوە
بە یار بڵێن
بۆ هەمیشە لەناو ئەودام
تا هەتایە لە من دەڕژێ!

٥

بارانێك شك نابەم، لە تۆ تەڕتر
هەورێکم نەدی
لە تۆ ئاوستر بە ژیان
تۆ لە ڕەحمی چ زەریایەکەوە کەوتوویتەوە؟

٦

چیتر بە شوین خۆتدا مەگەڕێ
زەنگی دەرگای دڵم لێدە
سۆراخی خۆت، دەدۆزیەوە!

٧

بە بڕێك هەناسە دەژیم
ئەویش شنەی پرچی تۆیە
دەڕژێتە سییەکانمەوە!

٨

نیگاکانم،
لەبەر قاپیی تۆ جێماون
ئەوە بۆیە
هەر کێ سەیری چاوم دەکا
وێنەی تۆی تیا دەبینێ!

٩

شەرم نییە
لەبەر دەرگای چاوەکانت، هەڵترووشکیم
من سواڵکەر نیم
بەڵکو هاتووم
خودی دزراوی خۆم، ببەمەوە!

١٠

ڕەنگە لە ئێوارە پیاسەیەکتا
بە دەم شنەی کزە بایەك
خۆڵەمێش بڕژێتە چاوت
نیگەران مەبە و مەشێوێ
چاوەکانت هەڵمەگڵۆفە
ئەوە سوتووی ڕۆحی منە
دووریت گڕی تێبەرداوە!

١١

بەیانییەك
شایەنحاڵی شەڕی شەونم و هەتاو بووم
شەونمم دی
تەقەی لە تیشکی خۆر دەکرد
ئاخر سەختە، بێ ویستی خۆت
دەمی ماچت، لە لێوی گوڵێ بستێنن!

١٢

کاتژمێری تەمەنم
لەسەر هاتنی تۆ میقاتە
گوێم لە زرینگەی زەنگێ نەبوو
لەوەیە نێیت، یا درەنگ بێیت
دەترسم تا ئەو کاتەی دێیت
ژەنگی مەرگ، هەمووی بخوا!

١٣

که باران دێت، بیرت دەکەم
تەڕێتییەکەی، لە تۆ دەکا
کە شنە دێ
خەیاڵم دێتەوە لای تۆ
چوون وەکو خۆت
نەرم دەڕژێتە ناوەوەم!

١٤

نامەیەکت بۆ دەنووسم
سپی سپی
خاڵی لە وشە
لێوڕێژ لە بۆنی ئێوارانێک
دەمیان پڕ کردین لە ماچ و
نیگایان پڕ کردین لە تریفە!

١٥

لێوم تامی،
هەناری مزری گرتووە
پەنجەکانیشم، ڕەنگی سێو
ناوقەدیشم، بۆنی عەرعەر
ئای خودایە کە خۆشبەختم
ئەو یارەی من، باخچەیەکە
هەموو وەرزان
لە جەستەی مندا بەر دەگرێ!

١٦

وای لەو دەستەم
هەر لە هەستی منداڵ دەکا
بۆنی مەمك،
هەزار ڕۆژە ڕێگا دوور بێت
پەی پێ دەبا!

١٧

بەم پیرییەی تەمەنمەوە
چەند منداڵێکی لاسارم
بەدەست خۆم نییە،
مەراقی چاوی هەنارم!

١٨

ئەو ڕۆژە دکتۆر پێی گوتم:
ڕێژەی کۆلسترۆلت بەرزە
باشترێکە،
گۆشتی سوور و
بەرهەمی سپیایی نەخۆی!
لە ناوەوەمڕا پێکەنیم
وای لە دکتۆر،
کە نازانێ، لەوەتەی هەم
خووم بە گۆی گۆشتێك گرتووە
پڕە لە سپیایی ژیان!

١٩

وای لە تۆ
چۆن دەتوانی، بەم ڕۆحە فریشتەییەتەوە
نیگات بکەیتە دۆزەخی
سووتانی ڕۆحێکی دی؟

٢٠

کێ پێی وایە، دڵی هەنار کرمێ دەبێ
سیحری مژین نابەڵەدە!
ئاخر هەنار،
کە هەناوی، وشك وشك، دادەگەڕێ
ئاوی ژیانی ناوەوەی
دەبەخشێتە دەمی تینووی، باخەوانە ماندووەکەی!

٢١

هێندە ژیانەی کە هەمە
هێزی ئەوە، تێم دەگەڕێ
با دووریش بێ
کە شنەی هەواڵێ دەنێرێ
بێئومێدی،
وەك ماشێنی دەست شۆفێری سەرەڕۆیە
بە بەرچاوم، وەردەگەڕێ!

٢٢

بەیانی بۆ سۆراخی کاغەزێك
گیرفانی کراسەکەم، گەڕام
دەستێکی گەرم، لەناویدا بەجێما بوو
توومەز، ئەوە دەستی تۆ بوو
لە ژوانی دوێنی شەوماندا
بۆ نەختێ گەرم داهاتن
خۆی لە کوانووی دڵم، حەشار دابوو!

٢٣

هەست دەکەم، منداڵ دەبمەوە
ئەوە نییە،
گڕووم بە بۆنی باوەش و
گەمەی نێو باخچان گرتووە!

٢٤

بۆیە مەراقی خۆرنشین،
ڕژاوەتە نێو ڕۆحمەوە
چوون هەست دەکەم،
دڵۆپ دڵۆپ، خوێنی منە
بە دەستی تۆ،
ئێوارەیەك ڕژێنراوە!

٢٥

تایەکی گەرم دایگرتم
زانیم دیسان،
گڕی دووری و سووێی دیدارتە،
لە ناخمدا، دادەگیرسێ!

٢٦

له بیرکاری، کۆڵەوارم
ئەوەندە نەبێ، دەزانم
تۆ + من
یەکسانە بە جاویدانی
من ـ تۆ
یەکسانە بە مەرگ و گڵکۆ!

٢٧

ئێوارە،
بە بەردەمماڵتاندا ڕەت بووم
شوێن پەنجەی خۆم،
بەسەر یاخەی، کراسەکەتەوە بینی
کە بەسەر شیشەی باڵکۆنی،
خانووەکەتان، هەڵخرا بوو!

٢٨

هەردوو مەمکت، لە نێو دەستم و
بە ڕوومدا بیتەقێنەوە
کێ دەڵێ تۆ، تیرۆریستی؟
نەخێر، ئەوە، ئەوپەڕی جیهاد و
لوتکەی بەرزی شەهادەتە!

٢٩

لەگەڵ مردندا ڕێککەوتووم
بەر لەوەی بێت
ڕێگام بدا، هەواڵی دوا ماڵئاواییم
لە دەمی تۆوە بژنەوم!

٣٠

ببوورە،
ئەگەر شەو هاتیت
ماڵمان،
لە فولکەی بێ تاقەتی
گەڕەکی بێ چرا
کۆڵانی خەوتن
نزیك شەقامی پرخەیە!

٣١

دوو شت لە تۆدا
گیرۆدەیان کردووم
هێشووی ناز و
لیمۆی عیشوە!

٣٢

لە پیاسەکانمدا
ترسم لە سێبەری دواوەم نییە
ئەوەندەی
لە چاڵی ڕووناکییەکانی
بەرپێم دەترسم!

٣٣

خوا (چیخۆف) بگرێ، ئازیزان
ئەو نەبووایە، بەم تەمەنەم،
چیم دابوو لە یاداشتکردنی،
ئەو هەموو نامەی مەراق و
برین و سووتانە؟

# مۆتەکە

ئەگەر ژیانتان خۆش دەوێ
ئەگەر لە خەمی عیشق دان
ئەو باخچانە پەرژین مەکەن
با باڵی پەپوولەیەك، زامدار نەبێ!
بەری خۆر، لەو گوڵانە مەگرن
با پشکوون
ئەو درەختە زراڤانە مەبڕنەوە
با بەژنی تەمەنیان، درێژ بێت
پرچی ئەو گیایە سیس مەکەن
زۆری نەماوە،
بکەوێتە کەروێشکە سەما
بەرد مەگرنە، هێلانەی زەڕنەقووتە
با جریوە، شکۆفە بکا
ڕێ بەو جۆگەلانە مەگرن
درزی شۆڕەکات، تەڕ دەکەن
قردێلەی ئەو حاجیلانە، مەپسێنن

که هێشتاکە،
لە تەوافی ماڵی بەهار،
تەواو نەبوون
نینۆکی ئەو دار هەنارانەو مەبڕنەوە
کە ناهێڵن،
گوڵەکانیان، بە دەستی شەهوەت بژاکێن!
ئەگەر بە تەنگ ژیانەوەن
ئەگەر عیشق ڕۆچۆتە ناختان
ئەو شەقامانە سوور مەکەن
کە سپی دەچنەوە لە پیاسە
ئەو نامانە تیرۆر مەکەن
کە هێشتا نەخوێندراونەتەوە
ئەو شیعرانە لە خاچ مەدەن
هێشتا نەچوونەتە سەر پلیکانەی ئاواز و
قوڕگی تامەزرۆی غەریبێك، نەیچڕیون!

## ڕەچەڵەک

ڕۆژگارێك زوو
زووتر لە هاتنی، وەیشوومەی بیابانی قاقڕ
درەنگتر لە بێدار بوونەوەی
ترسنۆکی ناوەوەمان
دیواری قوڕینی ماڵەکانمان
پڕبوون لە خۆری ژیان و
تابلۆی مافووری (تاوس) ڕەنگ
تەعریب هات و
ئەوانیشی ڕاپێچ کردن
وای لە منێ، مەلەك تاوس!

***

له یادەوەریی منداڵیم
دێوێك دەواری هەڵداوە
تا هەنووکەش،
لەبەر چاوم بۆتە کابووس
بڵێی ڕۆژێ، ئازایەتی بدەمە خۆم
تیشکی خۆرێك
گوڵی گەنمێك
پەڕی تاوسێك
بە سەدەها ڕیبەی لم و
گەڵای خورما
ڕانە وشتر، نەگۆڕمەوە؟

## هەڵەبجە

هەڵەبجە،
نە زامێکی قوڵ،
نە برینێکی سارێژ نەبووە
هەڵەبجە،
تکاندنی پاکیزەیی مرۆڤ بوونمان بوو،
بەبەر چاوی خوا
هەڵەبجە،
ڕژانی بێویژدانی بوو،
لە دەفری درۆکانی مرۆڤایەتی
هەڵەبجە،
دەستنوێژێك بوو،
بەتاڵ نابێتەوە
نوێژێك بوو،
وەرنەگیرا

## به لمدا بمناسەوە، لە غوباردا بمدۆزەوە

جاران
بە بەفر و گزنگ و
بە چنار و چەمی ڕوون، دەتناسیمەوە
ئێستا
لەناو تەپ و تۆزی لم و
لە غوباری بیابان و
لە سێبەری تووترِك و قووڵایی زۆنگاوەکاندا
بەدوای سۆراخم بگەڕێ
چیتر چاوت
بە دیار خۆرەوە کز مەکە
چیتر سەرت
بەرەو ئاسمان، هیلاك مەکە
لە دواتەوە
لەو دامێنە
لە تۆزی دوای، قەتارەی بیابان ڕامێنە

من وا لەوێم
لە بیابانی مرۆڤ کوژ و
ژیان کوژ و
هەتاو کوژدا
لە پێدەشتی لێوانلێو لە چەتە و ڕێگر
لەناو جانتای سەعلوکێکی لمستاندا
بە عەگالێك، بەرچاوی هیوام پێچراوە
***

ئەوەندە خۆت ماندوو مەکە
لە هەر چاڵێکی زۆنگاوان
لاوکێکی سەربڕاو و
حەیرانێکی خنکاوت دی
لە هەر بستێکی بیابان
هۆرەیەکی ئەتککراو و
قەتارەی کپکراوت دی
من وا لەوێم
***

هێندە دوور نیم
لە حەمرین کەمێك بەولاوە
تا چاوی بینین بڕ دەکا
بۆ ئەسەری ماڵی خوا!
لە هەر بستێکی بیابان
چارشێوێکت بەسەر لکی دارخورما دیت
شاڵ و هەوری،
کۆڵوانە و دەسماڵێك دیت
لە قامیشەڵان ئاڵاون
شانەی دار و کلچوفێکت بەرچاو کەوت
بەدیار تەرمی
ئاوێنەیەکی بچووکی شکاو
بێدەنگ و خوست
هەڵکوڕماون
قاپ قورئان و چاوەزار و کوژەکەت دیت
لێرە و لەوێ، بەجێماون
تەسبیحێکی قەزوان و
گۆچانێکی بەلاڵووك و
دارجگەرەی خمگرتووت بینین
بێناز، لە خوێن گەوزێندراون
من وام لەوێ
***

له بست به بستی بیابان
تارمایی کۆچێکی خەمگینت دی
کاروانی پڕ له هاواری
ژن و زارۆ و پیرت بینی
که سەگەزیل دەیانبەن و
حوشترەمرۆ پاڵیان دەنێن
من وام لەوێ
***
هێندە بەدوامدا مەگەڕێ
له کوێی بیابانی عروبه
کراس و کەوا و سەڵتەی ئەنجنکراوت دی
له هەر گۆمێکی زۆنگاوان
ڕانك و چۆغه و مرادخانی خنکاوت دی
لەهەر سووچێکی سارادا
جامانەی ڕەش و سوورت دی
به گولله بێژینگ کراون
من وام لەوێ
***

هێند سەر لە خۆت مەشێوینە
بە ئاسانی دەمدۆزیەوە
لە بیابانی عروبەدا
لە سێبەری کێلی گۆڕستانەکانی
کچانی زیندەچاڵکراو
لەناو خێڵی غەزەوات و
بە خوێن و دزی گۆشکراو
لەهەر کونجێك
نەوای مەرگی شمشاڵێك و
سۆزی شکانی سازێك و
دوا ئاوزینگ و
نووزەی دووزەلەیەکت بیست
من وام لەوێ
***

به ڕەنگی لم
بە تەپ و تۆزی بیابان
بمناسەوە
لە غوباردا
لەناو لوورەی گەلەگورگا
بمدۆزەوە

***

بە بەجێمان
بە ئاوازی دوای دابڕان
بمناسەوە
لەناو کوانووی خۆڵەمێشدا
بمدۆزەوە
تێر ڕامێنە
لە ئاواییەکانی نیشتمان
لە گەرمەسێری تا کوێستان
سەرنج بدە
لە ڕانەمەڕی بێ شوان و
پۆلەکۆتر و کەوی تەریو
مەمکمژەی تازە ساوا
کوانووی ئاگردانی تەزیو
سەماوەرێکی گریاو و
کانی و جۆگەلەی ڕەنگ پەڕیو
چنارێکی قەد ژاکاو و
تووولەڕێیەکی هەڵوەریو
***

سەرنج بدە
لەو خاچانەی،
خوێتی مەسیحیان پێوەیە و
کەچ کراون
لەو منارانەی کوژراون و
لە بانگدان بێدەنگ کراون
لە مەسحەفا ڕەشی لالش
لەو کتێبانەی
ناوی خودایان تیا نووسراوە و
سەربڕاون
من وام لەوێ
***
سەرنج بدە
لە بسکی سووتاوی دەوەن
لە پرچی ژاکاوی چەمەن
لە شوێنپێیەکانی پۆستاڵ
جێ کەڵبە و ددانی شۆفڵ
لە تارمایی خودەی بەتاڵ
من وام لەوێ
***

گوێ ڕادێره
له هاژەی چەمی تاساو و
قرچەی ڕەزی قژ سووتاو و
له ناڵەی تەندووری خنکاو
گوێ ڕادێره
له نووزانەوەی گوێسووان و
کزەی جەرگی، کاریتەکەی بەر هەیوان و
ناڵەی کۆز و هەوێز و تەویلەکان و
له گریانی چیخ و پەرژان
من وام لەوی
***

**گوێ ڕادێره**
**له حیلەی ئەسپی بەجێماو**
**بانگی نووساوی کەڵەشێر**
**له نزای کێوی هاڕاو و**
**دەنگدانەوەی حوزنی بلوێر**
**له هەناسەسواری ڕێگا**
**قیژەی بنار**
**شیوەنی گرد**
**زریکەی پێدەشت و زەنوێر**
**من وام لەوێ**
**به بەجێمان**
**به ئاوازی دوای دابڕان**
**بمناسەوه**
**له خۆڵەمێش بمدۆزەوه**
***

ئێستاکە نا
لە ڕابردوو بۆم بگەڕێ
هەنووکە نا
لە دوێنێدا بمناسەوە
ئەوە نە یەکەم خەزان و
نە کۆتایی ڕامالْمینمە
ڕەنگە ئێستا ورد بیتەوە
پشتی حەوت نەوەی (فاتیح)ان!
لە دەشتی شام و حیجازدا
ڕەچەڵەکیان، بچێتەوە
سەر ڕەحمی پاکیزەکانمان
ئەوانەی بە ناوی خودا
خرانە سەر پشتی ئەسپ و
بە غەنیمە
لە دۆڵەکانی ئەسحابە و شەهیداندا
بە دیاری بردیاننەوە
بۆ دیوەخانی خەلیفە
***

به نرکەدا بمناسەوە
لە ناو گەرووی
پڕ قیغەی قەلەڕەشاندا بمدۆزەوە
لە هەر بستێکی لمستاندا
گوڵی فرمێسك ڕوابوو
لە کوێدا دەستێکت دی ببووە تووترك
لە کویدا گوێت
لە لێدانی دڵی ماندووی بیابان بوو
من وام لەوێ
***

به شوێنپێی حوشتر
له تەوێڵی نیشتمان
به سێبەری زیل
له نێوچەوانی مێژوودا
بمناسەوە
لەناو دەنگدانەوەی ترس و
تارمایی ئاوابووندا
بمدۆزەوە
گوێ بۆ سەربووردەی قەوانی تەنیا و
ژەنگاوییەکانی دۆزەخی بیابان ڕادێرە
لەهەر کوێیەکی ئەو ناوە
ددانی کەوتووی شۆفڵت دی
من وام لەوێ
***

له وێستگەکانی تەنیایی
سەفەری بێ ناسنامەکاندا
سەرنج بدە
کێ ئاوڕیی هەمیشەیی بەرەو دواوە بوو
کێ دەستی نزای
بەڕووی ئاسمان ڕاوەستابوو
بڕوانە پۆلی کۆترە شینەکان
کە بە باڵی شکاوەوە
لە قوژبنێکی تاریکی دواوەی ئیڤایەکدا
گمەی فڕین کوشتوونی
ئەوە منم
***
کە (عەرعەر)ی بەفراوانت دی
لە کوورەی (عەرعەر)ی عروبەدا
گەرما بەژنی ژیانی چەماندوونەتەوە
ئەوە منم
***

تۆ کە سێبەری بەجیماوی منیت و
لایتی چەتەکان لە ئەشکەوتێکا
ونیان کرد
گوناهە نەمناسیتەوە
تۆ کە ماکی خوینی ڕژاوی منیت و
ڕژایتە درزی بەردێکی ئەم شاخانە
تاوانە نەمناسیتەوە
***

من
چنگێ مشتێ خوێنی ڕژێنراوی
دەستی شمشێری غەزووم
من
مشتێ خۆڵەمێشی بەجێماوی
ناو مەنجەنیقی عروبەم
من
زۆرجاری دیکە کوژراوم
وەلێ دووجار
بە یەك ناو و یەك ناونیشان
بە یەك گوناە و یەك تاوان
دڵڕەقانە،
بە توندی و سەخت، پێکراوم
لە یەکەمیان
بەر دروشمی جیهاد و فەتح
لە دووەمیان
بە ئایەتەکانی
سەردەمی غەزوات و فەتح!
***

**لە تۆ تووڕەتر منم**
**ئەی (با) ڕەش**
**لە تۆش مەحزوونتر**
**ئەی درەخت، من**
**لە تۆ ماندووتر منم**
**ئەی مانگ**
**لە تۆش بریندارتر**
**جۆگەلە، من**
**لە تۆ بێدارتر منم**
**ئەی بەیانی**
**لە تۆش مەستتر**
**ئەی خۆرنشین، من**
**خویناویترم لە برینی ژیان**
**بێبەزەیی تر لە مەرگ بە خۆم**
**ئاسمان بمگرەوە**
**نەبادا**
**زەوی فڕێم داتە، خواری خوارەوەت!**

***

وای لە منێ
منی بێکەس لەو ئافاتە
بەدبەختترین کائینی
سەر زەوی و
بێکەسترین خەلقەندەی خوا بووم
منی تەنیا لەو ئافاتە
ڕەزا قورسترین میوانی
سەر  دونیا و
تینووترین کێڵگەی بەر ڕەحمەتی ئاسمان بووم
***

لە دوینێوە هەتا ئەمڕۆ
لە چاخی خەساندنی مرۆڤەوە
تا ڕۆژگاری بوقەکانی مرۆڤدۆستی
لە قەڕنی بەربەریەتەوە
تاکو ئەمڕۆی کۆمیدیای بەیەکەوەژیان
لە سەردەمی یەکەم کوشتنەوە
تا ئێستای ناو لاپەڕەی
درۆکانی مافی مرۆڤ
من
چیرۆکی، زیندووترین مەرگەسات و
سەربووردەی مردووترین ویژدانم
من دەمێکە
دڕندەییەکانی بیابان دەنووسمەوە

هەموو ڕۆژێ
بیرەوەرییەکانی غوبار، یاداشت دەکەم
تا هەنووکەش
من لە مەوالییێك زیاتر،
هیچی تر نەبووم و نیم
لە زڕبرایەك زیاتر،
هیچی دی نەبووم و نابم
ئیدی بۆچی
بە بسکی فرمێسکەکانمەوە
بە باڵای برایەتیی ساختەدا هەڵزناون؟

#ناڵەیەک لە عەرعەرەوە دێ

کە گەردەلوولی غەزوی بیابان،
هەڵیکرد
ئێرە تازە،
بەهارێکی نەو شکوفتە بوو
کە تۆفانی ڕەشی لمی سارا،
هاتە ئێرە
هێشتا درەختەکان،
خەونیان بە ڕزینی بەرەکانیان نەبینیبوو
کە سەعلوکەکانی دوورگەی عەرەب
بە پێی خاوس و
بەسەر پشتی فەتواوە هاتن بۆ غەزو
لێرە تازە،
گزنگی خۆری ژیان
بەسەر سەری خەڵکەکەیەوە دەرکەوتبوو
کە لەشکری جەهل،
بە سواری حوشترەوە هاتن
ئێرە مێرگێکی کاکی بە کاکی،

هەڵاڵە بوو
کە سیڕەی شیر و
خرمەی ڕم و
جیڕەی تیخ و تیر
وەك ڕەشەبا،
بە گوێی ئەو ناوەیان دادا
ئێرە مەستی ئاوازێکی خۆشخوان و
نقوومی خەڵوەتی عاشقانەی،
ژیان بوو
ئەوان کە هاتن،
وەك کولله
بەربوونە لاسکی گوڵەگەنمەکان
وەك تاعوون
ڕژانە گەرووی شار
وەك سن
نەمامەکانیان لە ڕەگەوە وشك کرد
وەك زێرو
خزانە بن زمانی منداڵان
وەك پەپوویەکی نەگبەت

**سەر گوێسوانەی بان و**
**بەر هەیوان و**
**ئاسۆی بینینیان لێڵ کردین**
**وەك هەورێکی ڕەش،**
**ڕژانە قوڕگی ئێوارەی ئەرخەوانیمان**

***

که ئەوان هاتن
ئەو ساڵە ساڵی نەهات و
ساڵی قات و
ساڵی شووم بوو
ئەو ساڵە ساڵی نەگبەتی و
ساڵی مەرگ و
ساڵی خوێن و
ساڵی تاڵان و
ساڵی حەڵاڵکردنی کوشتنی پەپوولە و
ساڵی حەرامکردنی ژیان بوو
ئەو رۆژەی بە زیندوویی
سەعلوکەکان
نەفخی سوری کۆتایی بوونمانیان لێدا
بیابان بوو بەو مەحشەرەی،
خۆی کرد بە قەدەری هەمووماں و
مێرگەکانی پڕ کردین لە ژەهری مردن
***

لەو سارایەی
پڕیەتی لە گڵکۆی
ئەو پاکیزە خۆ نەناسیوانەی
عەقڵی بەدو زیندەبەچاڵی کردن
ئەو بیابانەی
پڕە لە مێژووی خوێن و
ئێستاش شڕوشیتاڵی
دوای تاڵان و بڕۆی سەعلوکەکان
بەسەر تووترکەکانییەوە ماوە
ئەو لمستانەی
هەر بستێکی
شوێن نووکی خەنجەر و
تیغی شمشێرە
لە دەنگی گورگ و کەمتیار زیاتر
گوێی بە هیچ ئاوازێکی تر
ئاشنا نییە
سیمای خەمگینی ئەمازیغ
ڕووخساری ڕووشاوی قیبت
زامی قووڵی بەربەر و
سووتماکی جەستەی کورد
بەسن بۆ پێناسەکردنی
***

ئەوانەی دوێنێ
بە سواری ئەسپەوە،
لە دۆڵی ئەسحابە و شەهیدان
بەسەری ڕمەوە خوێنیان ڕژاندین
کچەکانمانیان سواری پشتی ئەسپەکان کرد و
بۆ خەلیفەکان کردنیانن بە بووکی شەو
ئەوانەی لە نسار و دۆڵەکانی نیشتمانمان
ڕووبارێ خوێنی پاك
سەربازگەیەك لەلاشەی سڕی کوڕەکانمان و
گۆڕستانگەلێکی
پیاو چاکی غەزوکاریان
بۆ جێهێشتشن
لە هەشتاو هەشتیش،
بە سەر پشتی دەبابە و
بەسەر باڵی فڕۆکەوە،
هەناسەیان پڕ کردین لە ژەهر
ماڵەکانیان پڕ کردین لە ساچمە
کانییەکانیان پڕ کردین لە بارووت
گوندەکانیان پڕ کردین لە دووکەڵ

ئەوانە هەر هەموویان
ئەوانەی
سەر پشتی حوشتر و
ئەوانەی
سەر باڵی فڕۆکە
ئەوانەی بە شمشێر و
عەگال و دەمامکەوە هاتن
ئەوانەیش کە
بە خودە و  تفەنگەوە هاتن

هەموویان
کوڕی فتوای بیابان بوون
یەك خەون
یەك ڕوئیا، کۆیان دەکاتەوە
دەچنەوە سەر یەك ڕەسەن
ڕەسەنی
مەرگ و خوێن و تاریکی
ڕەسەنی
ڕاووڕووت و جەهل
ڕەسەنی
تەکفیر و تەلحید و تەعریب

## جەنگەڵستان

جەنگ نابڕێتەوە
دەزانن بۆ؟
لە ئادەم و کوڕەکانی بپرسن!
***
لەوەتەی فام دەکەم
چیرۆکی نەگەڕانەوەی سوارەکان
دەژنەوم
سەربووردەی گەڕانەوەی ئەسپە تەنیاکان
دەخوێنمەوە
دیمەنی کەژاوەی سوور
دەبینم
خودایە،
کەی کۆتایی بەم دۆزەخە دیت؟
مرۆڤ
کەی لە کەلی کوشتن،
دێتەخوار؟
***

کەس هێندەی فیشەك
چیرۆکی کوشتنی لا نییە
کەس ئەوەندەی قەوان
بە دەست ئازاری حەسرەتی سەنگەرەکان
ماندوو نییە
کەس بارتەقای سەنگەرەکان
لە ژانی تەنیایی و
برینی بەجێمان، تێناگا
کەس هێندەی کەلاوەکان
سەربووردەی خەمی بێنەوایی
بەڵەد نییە
چ بەردێکی دڵڕەقە
مرۆڤ!
***

نازانم بۆچی ئەوەندە ڕقم
لە جەنگ و شەڕ و شۆڕش و ڕاپەڕینە؟
من،
بۆ هەزار پشت و بێ پایانم،
ماندووی جەنگین
من،
بۆ سەد نەوە و بێ پایانتر،
شەڕەکان شەکەتمان دەکەن
جەنگ چوون و
ئێمە بووینە سووتوو
جەنگ هاتن و
تەمەنی ئێمەیان دروێنە کرد
جەنگ دێن و
مرۆڤ هێشتا، گرێی خۆشەویستی
بۆ ناکرێتەوە
جەنگ دێن و
مرۆڤ هێشتا، ناتوانێ لێبووردە بێت
جەنگ دێن و
مرۆڤ هێشتا، خۆی بۆ نادۆزرێتەوە
***

له کۆتایی جەنگەکاندا
تەنیا نامەکان دەمێننەوە
تەنیا خواحافیزییەکانی بەر لە چوونە سەنگەر
تەنیا ماچ و باوەشەکانی پێش ماڵئاوایی
تەنیا فرمێسکەکانی چاوەڕوانی
تەنیا و تەنیا
وێنەیەکی یادگاری و
گۆرانییێکی خەمگین و
بیرەوەرییێکی تاڵ و
حەسرەتی نەگەڕانەوە
دەمێننەوە
وای لە جەنگ
کە لە دوای خۆی
تەنیا و تەنیا
تۆوی فرمێسك دەڕوێنێ
درەختی نائومێدی ئاو دەدا و
ملوانکەی خەمەکانی چاوەڕوانی دەهۆنێتەوە!

## کۆڵانی ئێمە

لە کۆڵانەکەی ئێمە
نەبوونی،
منداڵێك لە گرِوگاڵ دەخا
برسێتی،
دەستی شکۆیەك، ناچار بە سواڵ دەکا
بێنەوایی،
ڕووی جوامێرێك دەشکێنێ
نەداری،
باوکێك شەرمندەی گەڕانەوە دەکات

ل

ه کۆڵانەکەی ئێمە

کە نیشمانی بچووککراوەی ئێمەیە

نە دەنگی تەقەیەك دەبیستی

نە شوێنی چەقۆ،

بەسەر جەستەیەك دەدۆزیتەوە

نە جێ برینێك

نە ڕشانەوەی دوای ژەهر دەرخواردنێك

نە پاشماوەی خوێنی ڕژاو

نە پەتێکی توندی هەڵواسراو

نە لاشەیەکی مۆری خنکاو

نە تاوانبار دەبینی،

نە بکوژ

کەچی

هەموو ڕۆژێك

لە کۆڵانەکەی ئێمەدا

لە نیشتمانە بچووککراوەکەی ئێمەدا

مرۆڤێك دەکوژرێ

نە پۆلیس،

سۆراخی کوشتنیان هەڵدەگرێ

نە دادگاش،

دۆسیەیان بۆ دەکاتەوە!

## ناتەواوی!

ڕۆژەکانمان
پووشن بە دەم گەردەلوولی ژیان
کەچی دەمانەوێ،
لە ئۆقرەییدا بگیرسێنەوە
ساتەکانی تەمەنمان،
کەشتی بێ چارۆگەن
سواری شەپۆلی شێتیی ژیان بوونە
کەچی گەرەکمانە نقووم نەبن
ڕۆژەکانمان،
ئەوانەی چوون
کوێرێك بوون

به تووله‌ڕێی ژیاندا ڕۆیشتن و
له خه‌ره‌ندی نه‌گه‌یشتن هه‌ڵدێران
ڕۆژه‌کانمان
ئه‌وانه‌ی تیایان داین،
موسافیرێکن بێ ئه‌دره‌س،
به‌ناو وێستگه جه‌نجاڵه‌کانی ژیاندا،
له‌ناو تونێڵی نائومێدیدا ون بوون
ڕۆژه‌کانمان
ئه‌وانه‌ی چاوه‌ڕوانی هاتنیانین،
به کۆڵێ ڕه‌شبینییه‌وه
ده‌یانه‌وێ له شه‌وی ڕه‌شی ژیاندا،
ڕۆشن دابێن
ته‌مه‌نمان
ئه‌وه‌ی چوو،
له‌ناو زه‌لکاوی ژیاندا بۆگه‌نی کرد

تەمەنمان
ئەوەی ماوە،
کرمی ژیانی تێ وەردێ
خەونەکانمان،
شێرەبەفرینەن و
دەمانەوێ ژیان بەو دۆزەخییەی خۆیەوە،
نەیانتوێنێتەوە
هیواکانمان،
کۆللارەی کاغەزن و
گەرەکمانە بە ئاسمانی پاییزیی،
تەڕ و تووشی ژیاندا هەڵیدەین
کە سەیرە مرۆڤ!
لەناو گێژەن و تەڕ و تووشی،
تاریك و لیخنی،
هەڵەموت و هەڵدێر،

تەنوور و نێڵەی ئاگری ژیاندا،
سواری بەلەمی کاغەزی ئومێد بێت
دەیەوێ بە چاوی کزی هیواوە،
تونێڵەکان ببڕێت
گەرەکیەتی بە دارەدارەی ئاواتەوە،
بە کێواندا هەڵزنێ
بێباك،
بە باڵی پەپوولەی خۆزگەوە،
بە دەوری تەنووری ژیاندا پێچ بکاتەوە
مرۆڤیش سەیرە ها!
بیری چووە،
کە خۆی و
هەموو گیاندار و بێ گیانێك و
هەموو شت
تەنانەت،
هەموو گەردوون
نیوەچڵ و ناتەواون
کەچی
بەم هەموو ناتەواویانەشەوە،
بە ناتەواوی ژیان، سەرسامە!

## ژیان ڕەنگە هەموو ئەوانە بێ و هیچیشیان نەبێ!

ژیان
سڵاوی شنەیە لە پرچی درەخت
تەوقەی خۆرە،
لەگەڵ نزارێکی تۆراو
ڕەنگە ژیان،
سوپاسگوزاریی سێبەر بێت،
بۆ ئاوابوونی هەتاو
یان،
ئاشتببوونەوەی باخچە بێت،
لەگەڵ پاچی خاوەنەکەی

یان،
گۆرانیی غەریبێك بێت،
لەوسەری كۆڵانی گەڕانەوە
لەوانەیشە ژیان،
ئاوازێكی سرك بێت و
هێشتا نەخرابێتە سەر پەیژەی نۆتە
یان،
هیلاكیی فڵچەیەك بێت،
لە كێشانی هێڵەكانی ڕەشبینی
دەشێ ژیان،
نەفرەتی شمشێر بێت،
لە ڕژانی خوێنی پەپوولە
یان،
قێزكردنەوەی سەرخۆشێك بێت،
لە نوێژی پیاوێكی ڕیاكار

یان،
نزای بێوەژنێك بێت،
بۆ هاتنی قیامەت
دوور نییە ژیان،
سواڵی بازرگانێك بێت،
لەبەر دەرگای وشکەساڵی
یان،
خەونی سیاسییێکی چەتە بێت،
بە چوار وەرزە شەڕ
پێدەچێ ژیان،
دوعای پیاوێکی ئایینی بێت،
بۆ تەمەن درێژی دەجاڵ
***

ئاساییە ژیان،
مەستبوونی درەخت بێت،
بە خوڕەی ئاوی چەمێك
یان،
کەروێشکەی پرچی کیژێك بێت،
بە هەناسەی دڵدارەکەی
یان،
سەمای باران بێت،
لەبەر تیشکی خۆر
وێدەچێ ژیان،
تریقانەوەی ماسییێکی لەخۆبایی بێت،
بەدیار ڕاوچییێکی گەمژە
یان،
قاقای مێشوولەیەکی ڕەنگ پەڕیو بێت،
بە مەڵاشووەکانی بۆقێکی خەواڵوو

یان،
پێکەنینی قالۆنچەیەکی ماندوو بێتو
بەدیار خلۆربوونەوەی خۆی
کێ نالێ ژیان،
شەرمی گوڵێك نییە،
لە ڕامووسانی هەنگ؟
یان،
تەریقبوونەوەی ئاو نییە،
لە شەقکردنی شۆڕەکات؟
***

لەوانەیە ژیان،
ترسی کچێك بێت،
لە باڵق بوون
یان،
خەونی کوڕێك بێت، بە پیاوەتی
یان،
گریانی قەیرەییێك بێت،
بەدیار پیربوون و
ئومێدی پیرەمێردیك بێت،
بە زەماوەندێکی تر
***

دوور نییە ژیان،
تامەزرۆی منداڵێکی بۆیاخچی بێتو
بۆ کالەیەکی ئەدیداس
یان،
تاسەی کۆڵکێشێك بێت،
بۆ جیرەی عارەبانەیەکی شەکەت
یان،
نووزانەوەی سەرمایەدارێك بیت
بۆ ڕەحمەتی تەندەرێکی دی
ڕەنگە ژیان،
پەستبوونی جۆگەلە بێت،
لە دەنگی کۆندەپۆ
یان،
بێزاریی توولەڕێیەك بێت،
لە بێدەنگیی ڕێبوار
***

لەوانەیە ژیان،
تووڕەیی هەنار بێت،
لە ڕووت و قووتی سێو
یان،
ئیرەیی بردنی پرتەقاڵێك بێتو
بە درزی قەیسی
پێدەچێ ژیان،
گەیینی هەنجیرێك بێت،
لە باوەشی پاییز
یان،
شکۆفەی شەوبۆ بێت،
لە نیوەڕۆیەکی گەرم

یان،
مەیلی هێشووە ترێیەك بێت،
بۆ ڕژانە گەرووی پەرداخێكی تەنیا
ڕەنگە ژیان،
سەبەتەیەك قۆخی ڕژاو بێت،
لە شەقامی مەیفرۆشان
یان،
كۆشێ گێلاس بێت،
لەبەردەم ماڵی سەرخۆشێكدا
***

ڕەنگە ژیان،
نێرگلەیەك بێت،
بە دەم هەرزەکارێکی مۆدێرن
یان،
جگەرەیەکی نیوە سووتاو بێت،
لەسەر لێواری تەپڵەکی دۆلار فرۆشێك
یان،
موعتادبوونی ئیماندارێك بێت،
بە عیشق
یان،
شکانی دەستنوێژی ڕیابازێك،
لە سەرجێیکردنی سۆزانییەك
***

دوور نییە ژیان،
ئاوسبوونی مانگ بێت،
بە تریفە
یان،
دەستبازیی خۆر بێت،
لەگەڵ زەریا
یانە
ڕژانی هەوەسی ڕووبار بێت،
بە ناوگەڵی دەریادا
***

وێدەچێ ژیان،
بەیانیان، مێزی لیگاو بێت
ئێواران،
داهاتەکەی بکرێتە خوانی بەربانگ
یان،
دەسماڵێکی پیرۆزە بێت،
دانەڕۆژێ لە سەرچۆپی و
هەینیانیش،
بکرێتە سفرەی سواڵی مزگەوت
ڕەنگە ژیان،
دۆلارێکی ساختە بێتو
لەنێو جانتای مەسولێکی ئێمە
یان،
پاسپۆرتێکی ئەوڕوپی و ئیقامە بێت
لە باخەڵی پەرلەمانتێرێکی،
زماندرێژی ئێرە
پێدەچێ ژیان،
بلیتی یانەسیبێك بێت،
لە گیرفانی بەدبەختێکدا

یان،
نەگەیشتنی موسافیرێك بێت،
بە تەرمینال
یان،
دەلیلی کاروانێك بێت،
ڕێگای گەیشتن، نابەڵەدە
یان،
تەرمیناڵێك بێت،
پڕ لە موسافیر،
بەدیار نەگەیشتنی پاسەکانی مردن
یان،
پێچکردنەوەی عارفێك بێت،
بە دەوری مەلهایەکی ڕۆژهەڵات

یان،
عەمامەی ئاخووندێك بێت،
بووبێتە قەفەسی پەپوولە
یان،
شینی سوونەیەك بێت،
بۆ خۆشبەختی شیعەیەك
یان،
زەماوەندی شیعەیەك بێت،
لە پرسەی سوونەیەکدا
***

ڕەنگە ژیان،
قەڵەمی نووسەرێك بێت،
مەرگ بنووسێتەوە
یان،
کامێرای ڕۆژنامەنووسێك بێت،
ڕەنگەکان تێکەڵ بکا
یان،
قۆڵبڕیی چالاکێکی مەدەنی بێت،
لە بازاڕی عەوامدا
یان،
سواڵی کۆمۆنیستێك بێت،
لەبەر قاپیی سەرمایەداری
***

لەوانەیە ژیان،
بێهوودەیی ڕۆڵەی ئەنفالکراوێك بێت،
لە دادگایی کردنی فایلەکان
یان،
قێزکردنەوەی پێشمەرگەی دێرین بێت،
لە ئاوێنەی گەنجێتیی خۆی
یان،
بێتاقەتی ئەندامی ڕێکخستنێکی نهێنی بێت،
لە چاوەڕوانیی واژۆی جەللادەکەیدا
یان،
ڕشانەوەی گوندییێك بێت،
لە ئاست سپڵەیی شۆڕش

یان،
مارەکردنی کەرکووك بێت،
بە (١٤٠) مسقاڵی بریمەر
ڕەنگە ژیان،
بوورانەوەی کورد بێت،
بە دەم خواردنەوەی ژەهری،
برایەتیی کورد و عەرەب
یان،
ڕووقایمی بەربووکێکی کورد بێت،
لە خەنەبەندانی عێراقچێتیدا
ڕەنگە ژیان،
هەموو ئەو شتانە بێ و
هیچیش نەبێ و
زۆری دیش بێ!

## ڕۆتین

١

دڵم بە ژیان نا،
بە هەناسەکانم، خۆشە
ژیانم بە هەتاو نا،
بە نیگاکانم، ڕۆشنە

٢

من،
دەنك دەنك زەنگیانەی تەمەن،
فڕی دەدەمە بەر دە نووکی مردن
ژیان،
دڵڕەقانە لەولاوە دێت
دانە دانە، هەڵیان دەگرێت

٣

به ڕێگاوەم،
لێرە پێ هەڵدەگرم،
هەنگاوەکان،
دەمبەنەوە هەمان ئەو شوێنەی
ئێستا بە نیازم لێی دەرچم
چ دووبارەبوونەوەیەکی بێمانایە، ژیان!

٤

ڕیشۆڵەکان کۆچ دەکەن،
من هەر لە شوێنی خۆمم
ڕیشۆڵەکان کات دەبڕن،
منیش لێرە،
پەنچەربوونی کات،
لە هۆشچوونی چاوەڕوانی،
نەگەیینی خەونی فڕین و
پسانی تەونی کۆچ، دەمهاڕن
خودایە،
ڕۆحم بەبەر ڕیشۆڵەیکدا بکە،
بە حەوت تەبەقاندا، بمهێنێتەوە لای تۆ

٥

له‌ هاتندا،
وه‌ك گزنگ سووتام
له‌ ئاوابوونیشدا،
وه‌ك زه‌رده‌په‌ڕ، ده‌برژێم
تونێڵێك،
به‌ دوو ده‌ریچه‌ی دۆزه‌خیه‌وه‌،
ئه‌وه‌یه‌ كۆمیدیای بوون
ڕێگایه‌ك،
به‌ دوو لێواری گڕه‌وه‌،
ئه‌مه‌یه‌ گه‌مه‌ی ژیان!
ڕۆژێك نییه‌، نوێ
به‌یانییێك نییه‌، تازه‌
ئه‌وه‌ی هه‌یه‌،
گینگڵ دانه‌، له‌ناو مه‌نجه‌نیقی خۆخواردنه‌وه‌
نه‌مری هیچ نییه‌،
له‌ درۆی شاخدار زیاتر

٦

ژیان، پڕ لە خێوی خەون
خەون، سەررێژ لە مۆتەکە
مۆتەکە،
ماسکی خۆشبەختی
خۆشبەختی،
ئاوازی ئومێد
ئومێد،
بە نۆتەی پێکەنین
پێکەنین، بە تۆنی هیوا
بەری هیوا، بێهوودەیی
بێهوودەییش، خودی ژیان!

٧

لەناو ژاوەژاوی حەشاماتدا،
برێك تەنیاییم بەسە،
ژیان ئاوس کەم بە مانا
لەناو تەپ و تۆزی قەرەباڵغیدا،
ڕێژنەیەك بێدەنگیم بەسە،
بێتاقەتیم بشۆمەوە

٨

دانیشتووم و
تارمایی خۆم،
لەوسەری سەفەر دەبینم
دانیشتووم و
تەپ و تۆزی ڕێوبانی کۆچ، غەرقی کردووم

٩

ژیان،
بە پشتی کیسەڵ دەڕوا
میلی تەمەن،
خەواڵووە
بەڕاست،
ئەوە چ گەمەیەکە
مردن بە ئێمەی دەکات؟

١٠

ژیان
بە هەموو قەڵاکانی بەدبەختی و
سەربازەکانی بێهودەیی و
ئەسپە تەڕوادە،
فیڵبازەکانی خۆیەوە،
دێت
خۆشەخەیاڵ بۆ خۆڕادەست کردنم
کەچی من دەمێکە
(کش)م لێی کردووە!

## ١١

تیشکێك لە چاوانمەوە،
دەڕژێتە ناخم
لە گوێچکەکانمەوە،
هاڵاوەکەی دەردەچێ
گەرمییێك لە لە گوێچکەکانمەوە،
دەڕژێتە ناوم
لە سەری پەنجەکانم،
بریسکە دەدا
بۆنێك لە دەممەوە تێم دەئاڵێ و
لە لووتمدا، هێڵنج دەدەم
تامێك لە لووتمەوە دەکەم،
لە سەری پەنجەکانمدا،
دەیهێنمەوە
بەبیرم نایەت،
کەی لەدایك بووم،
نازانم چۆن ژیاوم و
چەند فەرسەخ تەمەنم بڕیوە
لێ دەزانم،
کەی و لە کوێ دەمرم!
ئەوەیە ئیمانی غەریبی
ئەمەیە یەقینی تەنیایی!

## ١٢

تاقەتی ژنەوتنی،
تەقەی دەرگا و
دەنگی زەنگی،
ئەم هەموو بێهوودەییەم نەما
دەرەقەتی،
کڕینی، ئەو هەموو بێزارییە نایەم
کێ ژیانم بە سەرقوفڵانە لێ دەکڕێت؟

## هەڵەیەک هەیە!

١

دڵی چیت بە ژیان خۆشە؟
بە چی ئەم زەمەنە سەرسامیت؟
ژیان خۆی نا، مرۆڤەکانی!
زەمەن نا، ڕووداوەکانی!
بە چی ئەم جیهانە شاگەشکەیت
کە مرۆڤ خۆی بیر چووەتەوە؟
جیهانێك
ڕۆژەکانی ڕەش
شەوەکانی پرسەبار
شەقامەکانی سوور دەچنەوە لە خوێن
کۆڵانەکانی لە فرمێسکەکانی جەنگدا خنکاو
ئەم جیهانە بۆ سەراوژوور بوون باشە
ئەم زەوییە بۆ فەنابوون!
گەنجەبای گوتەنی:
« ئەم دونیایە با نغرۆ بێت»

دونیایەك
جوانترین ڕەنگی، ڕقە
خۆشترین ئاوازی، شریخەی دەستڕێژ
مرۆڤ خراپ تاریك بووە
خراپتر وێرانکار
خراپترینیش ژیانکوژ
هەڵەیەك هەیە
وێناچێ جیهان بۆ مرۆڤ دروست کرابێت
ڕاستییەکەی
دونیا بێ دەستی خۆی
گیرۆدەی دڵڕەقی مرۆڤ کراوە
هەڵەیەك هەیە
دەنا چۆنە سروشت
بە هەڵچوونی لافاوێك
بە تەقینەوەی ڕقی گڕکانێك
بە توڕەیی باهۆزێك
کۆتایی بە زەوی و مرۆڤ ناهێنێ؟

ناچێتە عەقڵەوە
بەم هەموو برینەی مرۆڤ خستوویەتە جەستەی
بەم هەموو خەنجەرەی لە جەستەیدا دەسرەوێنێ
بەم هەموو دۆزەخەی بۆی دروست کردووە
بەم هەموو قەنارەیەی بۆی هەڵواسیوە
هێشتا جیهان حەوسەڵەی مانەوەی ماوە
هێشتا دونیا دەرەقەتی وەرگەڕانی شەو و ڕۆژ و
مانگ و ساڵ و وەرزەکانی برین دێ!
هەڵەیەك هەیە
هەتا تاریکیی مرۆڤیش مابێت
ئەو هەڵەیە راست نابێتەوە و
ژیان هەر نابووت
جیهان هەر وێرانە
مرۆڤ ناخۆشی کرد
دەزانن؟

٢

هەڵەیەك هەیە
کەچی لەبەر خۆمانەوە هاوار دەکەین:
ئەم ژیانە
وەك زێرو بە بن مەڵاشوومانەوە نووساوە
وەك کرم بە جەستەماندا هەڵدەگەڕێ
وەك سن و کیسەڵە بینی بە بوونمانەوە ناوە
سەیرە،
خۆمان لە گێلی دەدەین
لە کاتێکدا وردە وردە
خوێنمان وشك دەکات
کرمێ دەبین
لاسکی تەمەنمان سیس دەبێ و
گوڵی خەونەکانمان دەوەرێ
کەچی هێشتا ڕووقاییمانە بە دیارییەوە دەتریقێینەوە
وەك ئەوەی هیچ لە خۆمان شك نەبەین، دەڵێین:
دونیا هەنووکە لە قەسابخانەیەك دەکات
هەمووومان لە ڕیزی سەربڕینەوەمان وەستاوین

نۆرەی ئێمەش دێ
بچینە بەردەمی چەقۆی دڵڕەقی ڕۆژگار
دونیا ئێستا دۆزەخێکە
لە ناویدا دەبرژێین و دەسووتێین
بەبێ ئەوەی بۆن بە بۆسۆ و کرووزی خۆمانەوە بکەین
چەند بێباکین ئێمە
چەند گەمژەین!
لەو دەمەیدا
وەك دڕندە
بەربووینەتە کڕاندنەوەی ئێسقانی یەکتری
وەك جەللاد
قامچی لە جەستەی یەکتری دەوەشێنین
وەك قەساب
پێستی یەکتری دەگروێنین
وەك کورەچی
نێڵەی ئاگری سووتاندنی یەکتری خۆش دەکەین

گلەیی لە دونیا
لە جیهان
لە ڕۆژگار
لە ژیان دەکەین
ئەگەر ژیان، وەك مارسیل پرۆست گووتەنی:
« تەنیا بریتی بێت لە یادەوەری»
ئەو یادگەیەشمان پڕە لە خوێن
لە جەنگ
لە نەفرین!
جەخار، هاتین و
دونیامان ڕەش کرد
جیهانمان کردە کەلاوە
ژیانمان کردە تۆپەڵێك ئاگر!
هەڵەیەك هەیە
کە ئێمە لێرەین!

٣

هەڵەیەك هەیە
وەك ئەوەی
مشتێ سەلکە سیر
لەگەڵ چەپکێ گوڵ بخەیتە ئینجانەیەکەوە
ڕاڕەوی زێرابێکی بۆگەن
بە ناو سنگی مێرگێکی سازگاردا بکێشیت
بازێك
لە هێلانەی بێچووی کۆتراندا
ناچار بە نیشتنەوە بکەیت
تۆپەڵێ تاریکی
بخەیتە باوەشی نوورەوە
ئاوا دوو مرۆڤی ڕووت
بە بەرگی گوناهەوە
دە قەبەڵی ژیان و جیهان کران

**هەڵەیەك هەیە!**
**یەکەم هەڵە لەوێیە**
**لەو نالێبووردەییەی**
**لەسەر بۆن کردنێك بە باخچەوە**
**لە سەر گازگرتنێك لە میوەی حەرام**
**دڵڕەقانە**
**مرۆڤ وەدەرنرا و**
**گوناە لە ژیان مارە کرا**
**بێبەزەییانە**
**تاوان وەك ملوانکە**
**بە بەرۆکی جیهانەوە هەڵواسرا!**
**هەڵەیەك هەیە**
**دەنا دەبوو**
**کە کوڕەکانی (ئادەم )**
**دەستیان چووە خوێنی یەکتر**
**ژیان نابوود بووبا**
**کە کچ و کوڕێکی (حەوا)**
**بە دەستنوێژەوە**
**چوونە سەرجێی ژیان**
**جیهان ببووایەتە کەلاوە!**

هەڵەیەك هەیە
ئەوان باجی دڵڕەقی ئەوێ دەدەن
ژیان باجی گوناهی ئەوان
جیهانیش
باجی تاوانی فەرزەندەکانی ئەوان!
هەڵەیەك هەیە
دەنا حیکمەت لە تێهەڵچوونەوەی
دوای تۆفان، چییە؟
هەڵەیەك هەیە

دەنا
نە ژیان دەناسرا
نە دونیا پڕ دەبوو لە گوناه
نە جیهان بە دەستی تاوانەوە
دەبووە دۆزەخ!
وای، مرۆڤی سەرگەردان
ئای، ژیانی شێواو
داخ، جیهانی بەدبەخت
هەڵەیەك هەیە و
هەموومان باجەکەی دەدەین!
هەڵەیەك هەیە و
بە هیچ کاممان ڕاست ناکرێتەوە
هەڵەیەك هەیە و
ناچارین لەسەر پنجی تۆڵە بڕوێینەوە!

٤

هەڵەیەك هەیە
ورد و خاش
کەسمان وەك خۆی
وەك کوتلەیەك
وەك یەکەیەکی گشتگیر
بۆمان نادۆزرێتەوە
هەڵەیەك
وەك ئەو ئاوێنەیەی لەوپەڕی تووڕەییەوە
بە ر زەوی بدرێ
هەڵەیەك
دەشێ پارچەیەکی لەوێدا ببینینەوە،
لە یەکەم دادگای دڵڕەقی
لە دادگایی کردنی تاوانی ڕنینی باخچە
پارچەیەکی دی
لەناو پێچی گریانەکانی لەدایکبوون
لەناو هەناسە ساختەکانی سەر گۆڕ

یەکێکی تری
لە تێکچوونی سیستەمی گەردوون
لە کونبوونی بەرگە هەوا
لە بارانی ناوەخت و
لە چوار وەرزە خۆڵبارین
کەرتێکی
لە دالأنە تاریکەکانی ئایین
لە میراتی پێغەمبەرەکان
لە بنمیچی پەرستگا و
لەناو دیوانی واعیزەکان
لەتێکی
لە ژێرزەمینە ڕەشەکانی ئایدیۆلۆژیا
لە بالکۆنی بارەگاکانی حزب
لەناو درۆی بیرەوەریی سیاسییەکان

**لەتێکی دیکەی**
**لەناو زێرابەکانی**
**عوسبەتولئومەم**
**نەتەوە یەکگرتووەکان**
**خاچی تەڕەماش و مانگی ترخێنە**
**لەناو جامی ژەهری**
**جارنامەی مافەکانی مرۆڤ**
**ئەوەی تریان**
**لە بازاڕی بۆرسە**
**لەناو کۆدی نهێنی بانکەکان و**
**گیرفانی پاڵتۆی سوو و**
**لە بن سێبەرەکانی قازانج**
**لەناو تەپوتۆزی**
**شایلۆغانی**
**جەنگە پیرۆزەکان**
**لە زۆر شوێنی دی!**

هەڵەیەك
بۆ دۆزینەوەی پارچەکانی
لە ختوخۆڕایی
بەبێ شەرم کردن لە بوختان
بێ تەریقبوونەوە لە تۆمەت
بن باڵی کوندەپەپوو
ناو سنگی شەمشەمەکوێرە
ناو شەپۆلی گمەی کۆتر
ژێر چەکمەی کەروێشکی
بۆ دەگەڕێین!
چەند نابوودە ژیان
بەم هەموو تاوانەی دەیخەینە ئەستۆی
چەند بیمارە ڕۆژگار
بەم هەموو درۆیەی بەدەمیەوە دەیکەین
چەند بەدبەختە دونیا
بەم هەموو گوناهەی پێی سواخ دەدەین
چەند پەڕپووتە جیهان
بە دەست تۆمەتەکانی ئێمە!
هەڵەیەك هەیە و
تا نەفخی صور (ئەگەر هەبێ)
کۆدەکانی ناکرێتەوە!

## خواحافیز

بەیانییەك دێ، نامبینیتەوە
ئێوارەیەك دێ، بزرم دەکەیت
چیتر دەربەستی، چاوەڕوانیی تۆ نیم
من ڕاهاتووم،
لەگەڵ هەموو ئاوابوونێکدا
خەونی ئەمڕۆم،
لەبەر تیشکی، خۆری سبەی، تەفسیر نەکەم
من کە تاپۆی،
بستێ زەویم، بەناو نەبێ
ناچار نیم، جوگرافیای خەونم
لە نەخشەی هیچ شوێنێکدا
جێبێڵم!

## سەفەر دەمخواتەوە

ڕەنگە نەگەڕێمەوە
چاوەڕێم مەبە
لە سارایەکدا گیر بووم
جۆگەلەیەك نییە، دەستم بگرێ و
پێچاوپێچ،
بە بن بنچکی دار و دەوەن بمبا
ڕووبارێك نییە، بڕژێمە ناوی
دەریایەك نییە، قووتم دا
زەریایەك نییە، هەڵملووشێ
***

ڕەنگ دەمخواتەوە
وەك ئاوێك، كە بەیانیان بێ ڕەنگ و
ئێوارانیش نارنجی
ئیتر بە ڕەنگی خۆم، نامناسیتەوە
***
سڵاوی ئەو ڕۆژەت بیر نەچێت
نامەی ئەو پەیكە وەرگرە
كە هاوسێمانە و نامناسێ!
***
ڕەنگە نەگەڕێمەوە
چیتر لە مەراق گیر مەخۆ
لەگەڵ بایەكدا ڕۆیشتووم
بێ ناونیشان
بای ناوەخت
***

وەرزەکان قووتیان داوم
ڕەنگە نەگەڕێمەوە
چیتر چیلکەی حەسرەت
لە دڵی زەوی مەژەنە
شەوێك لە خۆیدا پێچامیەوە
دەستم لە باڵی گرنگێ گیر نابێت،
بەیانییێکی تر بێم،
لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەت،
بەیانی باشت لێ بکەم

من،
خۆم و پاکەتێك جگەرەی خەون
خۆم و بووتڵێك شەڕابی خۆخواردنەوە
خۆم و جانتایەك تاسە
حۆم و پاڵتۆیەك خەم
خۆم و کلێتەیەك خەیاڵ
خۆم و قەڵەمێك فرمێسك
من،
خۆم و چاویلەکەیەکی شکاو
خۆم و کاتژمێرێکی خەوتوو
خۆم و تەنیاییێکی درێژ
خۆم و سەفەرێکی نادیار
خۆم و خۆمی پارچە پارچە
من، خۆم و هەموو ئەوانە و
هیچیشیان نا
لەوسەری کۆتاییەکانەوە
خەریکە یەکتر ون دەکەین
ئیدی بە چیدا بتدۆزمەوە؟
ئیتر بە چیدا بمناسیتەوە؟

## سەفەر جەنگە

شەمەندەفەرێکم دی تێپەڕی
بە ڕستێ فارگۆنی خاڵی
سەیرە کەسێك سەفەر ناکات
کە ژیان هەر هەمووی سەفەرە!
بۆ من،
سەفەر و جەنگ هەر یەك شتن
لە سەفەردا نازانم دەگەم یاخود نا،
لە جەنگیشدا دڵنیا نیم
دەگەڕێمەوە
کەچی ڕۆژانە خەیاڵم
سواری پشتی سەفەر دەبێ و
هەموو ڕۆژێ خوێنی جەنگێك
دەڕژێتە نێو نیگامەوە!

ئەمجارەیان
بلیتێك دەبڕم،
ڕەدوی سەفەرێك دەكەوم
لە وێستگەیەكدا،
خۆم بە ناو شەمەندەفەرێكدا دەكەم
جانتاكەم،
وێنەیەكی ڕەش و سپی منداڵیم و
نامەیەكی خوساو و
بوتڵێكی نیوە بۆشی ڤۆدگا و
ڕۆمانێكی (كامۆ)ی تیایە
دادەنیشم،
فارگۆنەكەم تاریك دەچێتەوە لە ڕووخساری مات
لە نێوچەوانی گرژ و مۆن
لە جەستەی بێزار و ڕۆحی هەڵچوو!
وەسوەسەی دابەزین دەمگرێ
لە وێستگەیەك دادەبەزم
لە سووچی كافترییایەك،
بین بە قاوەیەكەوە دەنێم
دەست دەبەمەوە و دەبینم
جانتاكەم پڕ پڕە لە بێئومێدی!

## دوورپیانەکانی سەفەر

لێرە تا دێ
دڵم ڕەق و
ڕۆحم ژەنگاوی تر دەبێ
لێرە تادێ
چاوی خەیاڵم کوێر و
زمانی عیشقم لاڵتر دەبێ
لێرە تادێ
ویستی ژیانم لاواز و
مەیلی مەرگم زیاتر دەبێ

***

سەرم سواری
خەیاڵی سەفەرێکی تەڕ بووە
تا تەمەن سیس نەچۆتەوە
تاسەی تامەزۆریی بشکێنم
تێر بە نیگام،
لەو کەنارانە ڕامێنم،
دەستیان تا ئەژنۆ شێدارە
لەو ئاوازنە بژنەوم،
بە دەنگی نەورەس بارگاوین
سەرنجی ئاوابوون بدەم،
چۆن نارنجی دەچێتەوە
***

هیچ سەفەرێك بێ کۆست نییە
شەمەندەفەرێك نابینی
خاڵی خاڵی،
نەگەڕێتەوە وێستگەکان
لەسەر ڕێگاکە وەستاوم
دووڕیانێك لە پێشمەوەیە
لە هەردوو سەر
شەمەندەفەر دێن و دەچن
پڕ لە سەرنشین و ڕێبوار
کە دێنەوە،
فارگۆنەکان خاڵین لە ڕەنگ
خاڵین لە دەنگ
دەترسم هیچ کامیان نەگەن
کە قەت ناشگەن!
چوون لە وێستگەی نەهاتنەوە
بلیتی ڕێیان بڕیوە
لەو سەرەوە،
مەرگ لە پێشوازی دایە و
بە دەنگێك بەخێرهاتن دەکا و
بە ڕەنگێکیشەوە خەمڵیوە
بەڵام من هەر سەفەر دەکەم!

## گەڕیدە

جێ بەخۆ نەگرتوو وەك با!
ئەگەر سەری سەودای پیاوێکت
لەبەر هەتاوی ڕێکردندا بینی
ئاورٍ بۆ دواوە ناداتەوە
ئەگەر لە هەورازە ڕێیەکدا
بە پشتی پیاوێکی سەرگەردانەوە
جانتایەکی کەنەفتت دیت
کە گلەیی لە بەختی ماندووی خۆی دەکات
ئەگەر لە وێستگەیەکدا
ڕێبوارێکت بینی
عارەقەی پرسیار لە تەوێڵیدا دەچۆڕێ
ئەگەر لە ژێر سێبەری درەختەکانی قەراخ ڕێدا
نوزانەوەی جووتێ پێڵاوی ماندووت بیست
کە تکای پشووێك لە خاوەنەکەیان دەکەن

ئەگەر لە تاریکەشەودا بینیت
لەبەر تەپەتەپی پێی تارماییێك
ڕێگا خەوی زڕاوە
ئەگەر لە بەرەبەیانی دواتردا
ڕێبوارێکت دی
خەو لەبەر پێی چاوەکانیدا دەپاڕێتەوە
کەچی ئەو بە دەم ڕێوە
لەوپەڕی بێداریدا
لەگەڵ خۆی ئەو گۆرانییە دەڵێتەوە:
« من مەلێکی لانەوازی، وێڵی دوای هێلانەمە...
من نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی وێرانەمە»
بزانە،
ئەوە منم
ڕێگا لە دەستم ڕادەکا
تاریکی لێم دەسڵەمێتەوە
کازیوە لێم پڕە
بێداری خۆشی لێم نایە و
پشوو،
حەوسەڵەی بەدەست گەڕیدەییمەوە نەماوە!

## سەفەر نیشتمانی نییە، موسافیر هەر هیچ!

سەفەر کۆکردنەوەی خەونە ڕژاوەکانی
چاوەڕوانییە
لە جانتای سەرهەڵگرتندا
بە شوێن چاوەڕوانییەکی تر
***
بۆ ئەوەی سەفەر بکەیت
ئەوەندەت بەسە
هێزی ڕۆیشتن بدەیتە بەر خۆت
ئەوەندەت بەسە لە گەڕان وەڕس نەبیت
ئەوەندەت بەسە بە پێیەکانت بڵێیت
هاودەم،
لەم زۆنگاوی چاوەڕوانییە قورتارم کە
بە دەستەکانت بڵێیت
هاوسەفەر،
جانتای خەونەکانت بیر نەچێت
بە چاوەکانت بڵێیت
دوورتر بڕوانە، بۆ ئەوەی درەنگتر بگەین
***

کە سەفەر دەکەیت
تا پێت دەکرێت
لە شیرین خەودا هەڵسەوە
بە ئەسپایی چرای ماڵەوەت خامۆش کە
بەبێ دەنگی
خواحافیزی لە پرخەی خەوی ژوور بکە
لە گزنگانێ ڕێ بکە
تا بۆت دەکرێ
دڵەڕاوکێکانت تەڵاق دە
تا دەتوانی
شەق لە زاکیرەی سۆز بدە
کە سەفەر دەکەیت
ئاوڕ مەدەرە، نەبادا پەشیمان بیتەوە
دامەمێنە، نەبادا درەنگت بەسەردا بێت

***

بۆ ئەوەی سەفەر بکەیت
ئەوەندەت بەسە ببیتەوە خۆت
ببیتەوە بە قەرەج
شوێنکات بخەرە زبڵدانی بیرچوونەوە
بیرەوەری بخەرە دڵی تەنووری حەوشەکەتان
لەسەر دیواریماڵەوە
بە خەتێکی خوار و خێچ
بە پارچەیەك خەڵووز
کە هەر لە بەدبەختی ژیان دەکات
بە درشتی بنووسە
ئازیزان:
من کوڕی ئێرە نیم
من کوڕی ئێوە نیم
بنووسە:
ببوورن، کە ناتوانم بمێنمەوە
ببوورن، کە خوێنی ئێوە لە ڕۆحمایە و
ڕۆحیش لە ئەزەلەوە قەرەج
***

بۆ ئەوەی سەفەر بکەیت
بۆ ئەوەی بە قەرەجی بمێنیتەوە
بۆ ئەوەی نێوانی زەوی و ئاسمان
ماڵی هەمیشەیی تۆ بن
بۆ ئەوەی تاهەتا غەریب بیت
خەونی مانەوە توڕ هەڵدە
بۆ بستە زەمینێك
کە نازانیت دەبیتەوە خۆڵی ئەو، یان نا
دڵە خورپە مەکە
سەفەر نیشتمانی نییە
موسافیر هەر هیچ!
کە بە قەرەجییەوە هاتین
جوانترە، وەکو هاتنمان بڕۆین
وەکو خۆمان،
قەرەجانە بمرین
***

بۆ ئەوەی سەفەر بکەیت
لەبیرت نەچێ
ئاو بڕی تینویێتی سەفەرت ناشکێنێ
سنەوبەر ناتوانێ دڵی هیلاکی ڕێگات بداتەوە
بۆ ئەوەی سەفەر بکەیت
پێویستە ماندوو نەبی و بەس
***
کە سەفەر دەکەیت
خۆت بڕۆ و بەس
نە هاودەمێك بکە هاوڕێ و
نە لە دواوەت کەس جێ بێڵە!
***

له سەفەردا
باشترێکە هەر تەنیا بیت
تەنیایی، سەبووری سەفەرە
چەند خۆشە بە تەنیا و بەڕێوە
لەگەڵ خۆت بۆڵە بۆڵ دەکەیت
لەگەڵ خۆت وڕێنە دەچڕیت
لەگەڵ خۆتدا پیاسە دەکەیت
لەگەڵ خۆتدا ڕازەکانت دێنیتە گۆ
***
موسافیرێکم
سەرشار لە گەڕان
نە بلیتی هەموو شەمەندەفەرێك دەبڕم
نە دەرگای هەموو وێستگەیەکیشم لێ دەکرێتەوە
گرنگ ئەوەیە سەفەر دەکەم
تا سەفەریش هەبێت
ڕێگایەك شك دەبەم
بۆ گوزەر
پردێك دەدۆزمەوە بۆ پەڕینەوە
***

موسافیرێکم
نە ماڵێك شك دەبەم بۆ پشوو
نە ڕێبوارێکیش دەستی کەوتنە خوارەوەم دەگرێ
گرنگ دەڕۆم
تا سەفەر هەبێت
نسێیەك هەر دەبێ بۆ حەسانەوە
دەروویەك هەر دەبێ بۆ دەرچوون

## غوربەت دەمخواتەوە

ماڵێکم هەیە لە هیچ شوێنێك
لە گەڕەکی بێ ناوونیشان
تەمی تەنیایی،
پەنجەرەکانی ژوورەکەمی داپۆشیوە
نە کەس دەبینم بەو ناوەدا ڕەت بێت و
نە کەس شك بە ئاوەدانی ناوی دەبات
مۆسیقایەکی هێمن
لەسەر ڕیتمی نەسیمی کۆنشێرتۆیەکی دەریایی (ڤیڤاڵدی)
گوڵی ئینجانەکانی خستۆتە سەما
مۆمی چاوی قەسیدەیەکی (مەحوی)
پڕی کردووە لە نوور
ڕەنگڕێژ لە خەیاڵەکانی (محەمەد عارف)
بەیەکەوە غوربەتێك دەنووسینەوە
غوربەتی ناوەوەمان!

## مەیە، تۆ مەیە تکایە!

چیدی دەستدرێژی نامەم لێمەکە
لەبری ئەوە
دهەمانچەیەك بگرە دەستت و
گوللەیەك بنێ بە تەوێڵمەوە
تیرێك بنێ بە سەری دڵمەوە
چەقۆیەك بێنە و
سەری ژیانمی پێ ببڕە
برێ ژەهرم بۆ بخەرە پێکێك و تەواو
با بۆ ئەبەد بچمەوە!
ئەو نامانەت دەمکوژن
تازە فریای گەڕانەوە ناکەوم
دەرفەتی ئەوە نەما
سەرخەوێك برژێتە چاوەکانم
نەشئەیەك ڕۆحم بخاتە سەما
هەلێك شك نابەم
بۆنێکی تر بکەم

تامێکی دیکە بچێژم!
باشترە لێرە،
هاودەمی مەستی و
دوو لەت گێلاس و
پاکەتێك جگەرە و
مۆسیقایەکی قەرەجی
لە هاتنەوە!
هەمیشە ترسم لە هاتنەوە هەیە
ترس لەوەی گوناهێك بکەم
گوناهی ئەوەی
لەگەڵ خۆمدا باخچەی خۆشبەختیت
بە هەناسەی غوربەتیم بژاکێنم
خەریکم چیرۆکی تەنیاییم
حیکایەتی غەریبیم
مەرگی لەسەرخۆی خۆم دەنووسمەوە

تکایە
نە من دێمەوە و
نە تۆ وەرە!
نە من ماتڵت دەکەم لە خەون بینین
نە تۆ پەکم بخە لە نووسینەوە!
حاجەت بە هاتن نیت
حاجەت بەوە نیت
لە نووسینەوەی مەرگدا هاوبەشیم بکەیت و
خۆت پڕ کەیت لە گوناه
حاجەت بەوە نیت
لە چۆڕاوگەی برینەکانی غوربەتیم
مشتەخوێتی مەییووی مەراق کۆبکەیتەوە و
سکێچی تاوانباری خۆت بکێشیت!
پێویست ناکات، ئاوا بمکوژیت
حاجەچت بەوە نیت، باری گوناحەکانم هەڵگریت

گوناهوکانم بخۆیتەوە
ئەوە ناو دەنێم
لەخۆڕا گوناە کردن
لەخۆڕا تاونکاری
تۆ ناچار نیت غەریبانە بژیت
ناچار نیت، تەنیایی بچنیتەوە!
تۆ حاجەت بە ژنەوتی ئەو تەهلیلەیە نیت
« من مەلێکی لانەوازی وێڵی دوای هێلانەمم
من نمەی بارانی ئەودیو، شووشەکەی وێرانەمم»*
تۆ دەتوانی
تەنیا گوێ لە گێڕانەوەی سەربووردەی تەنیاییم بگریت
تەنێ ئاوازی غەریبیم بژنەویت!
بۆ من بەسە
مەرگی هێواشم بخوێنیتەوە، کە دەینووسمەوە
ناتوانی لە نووسینەوەی گیرام کەیت!
ئەوە چیرۆکی عومرێکە
حیکایەتی ئەزموونێکە
فیلمی ژیانێکە
پرۆژەی ڕاستەقینەی منە،
بۆ خۆکووشتن!

کاتێ زانیم
چیدی دەرەقەتی نووسینەوەی تەنیایی و
غەریبیم نایەم
خاڵێك دادەنێم و
بە دەنگی تەقەیەك،
ڕەنگە بە قومێك ژەهر،
لەوانەیشە، بە گرێی پەتێك
کۆتایی بەو ناسۆرییە بێنم
دەرگا بەسەر ئەم خۆخواردنەوەیە قوفڵ بدەم!
وەلێ،
تا ئێستا زۆر باشم
چوون،
بڕست و هێزی نووسینەوەم ماوە!
تکایە نامە مەنێرە
تکایە هەوڵی هاتن مەدە!
تەنێ چراکەت داگیرسێنە
با پەنجەرەی چاوەڕوانیت ڕووناك بێت و
تیشك بۆ ئێرە باوێ
مەکوژێرەوە
دوور نییە کوژانەوەت
ساتەوەختی کۆتایی بێت..

داخستنی دەرگا بەسەر ژیان!
بمبەخشە، ئەوە دەکەم
ئەوە دەکەم، لە پێناو خۆمدا
خۆمی سەرگەردان
خۆمی بە هەڵە هێنراو بۆ ئێرە و
ناچارکراو بە چوونەوەی بێ ویستی خۆم!
خۆمی جاڕس لە حەشامات
خۆمی خۆم
کە دەرەقەتی پووچییەکانی ژیان دێم و
ئازایەتی نا
دەرەقەتی تەنیایی دێم و
بوێری نا
دەرەقەتی غەریبی دێم و
ئازایی نا
خۆمی خۆم
خۆمی ترسنۆك لەبەردەم خواردنەوەی قوومێك ژەهر!
خۆمی ترسنۆك لە بەردەم مردنێکی پێشوەختەی
شکۆدار!

ترسنۆکی نەبێت
کێ دەتوانێ بە ئازاری غوربەتەوە ڕێ بکات؟
کێ دەتوانێ، خەون بە خۆشبەختییەوە ببینێ؟
کێ دەتوانێ، گەشبینانە هەنگاو بنێ؟
کێ دەتوانێ، بە ژانی تەنیاییەوە بەردەوام بێت؟
بە کورتی
زۆر بە کورتی
ترسنۆکی نەبێت،
کێ دەتوانێ مانایەکی جوان بداتە ژیان؟
ترسنۆکم من
کە تا ئێستا
بە دەست مانەوە لە وهمی ئاشنایەتیدا ئاوزینگ دەدەم و
ڕۆحم بە دەست ژیانەوە دەتلێتەوە و
ئازایەتیی خۆقورتارکردنم نییە!
خودایە، چەند ترسنۆکم من
کە ناتوانم خۆم بکوژم!
تکایە، نامە مەنێرە
مەیە، تۆ مەیە

تکایە
خۆت لەبەر ڕەهێڵەی ڕەشبینی من مەشۆرەوە!
پشوو لە سێبەری درەختی بێهوودەیی مندا مەدە
لە ئاوی کانیی خەمی غوربەتیم مەخۆرەوە!
لە دارستانی چڕ و نوتەکی یەئسی مندا
هەناسەی ئومێد مەدە!
لە بیابانی قاقڕی جاڕسیمدا
سۆراخی خۆشبەختی مەکە!
تکایە مەیە
تۆ مەیە!

.........................................................

* لە گۆرانییێکی (دیاری قەرەداخی)، کە پێم وایە دێرە شیعرێکی (شێخ حەسیب قەرەداخی)یە.

## هاتنەوە!

ئەوە من نەبووم
ڕێبوارێکە و هاتووە
چاوەکانت هەڵبگڵۆفە
ورد سەیرکە
ئەوە من نیم
ڕێبوارێکە و وەك تارمایی
هات و ڕابورد
ڕێبوارێك
قەیرێ مایەوە
برێ ڕەشبینی دیکەی دا بە کۆڵدا و
سەری غوربەتی خۆی هەڵگرتەوە
ڕێبوارێك
خۆی و تەنهاییەکەی
خۆی و بێهوودەییەکەی
خۆی و ڕەشبینییەکەی
هاتن و ڕابووردن

ببوورە
ناتوانم هەموو کەس و
هیچ کەسیشت بم
تۆ دەرەقەتی کەس بوونی من نایەیت
باشترە خۆم
تەنیایی خۆم، بخۆمەوە
غەریبیم لە خۆمدا لوولدەم
غەریبی نەبێ دەمرم، من
تەنیایی نەبێ دەمرم، من
ببوورە
ئەوە من نیم پێکەنیووم
ئەە من نەبووم پێکەنیم
مەگەر نازانی دلارام
ئاوا ئاسان
من نایەمەوە سەر ڕیتمی پێکەنین
ئاوا ئاسان
نایەمەوە سەر سکەی خۆشنوودی
سەر ڕاستەڕێی گەشبینی
سەر کەناری پڕ شڵپ و هۆڕی قۆشمە
***

نایەمەوە، من
هاتنەوە هیچ نییە
جگە لە دەستپێکردنەوە لە خاڵی سفری تەنیایی
هیچ نییە
جگە لە کۆکردنەوەی سەرلەنوێ غەریبی
هیچ نییە
جگە لە دیسان چنینەوەی بێهوودەیی
هیچ نییە
جگە لە دیسان دەسکەنەکردنی ڕەشبینی
***

نایەمەوە، من
هاتنەوە
سەرکردنەوەیە بە ماڵی یەئس
خواردنەوەی جامێکی دیکەی ژەهری پەشیمانییە
هاتنەوە
گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر
بۆ سەرلەنوێ دەستکردن بە گەمەی خۆکووشتن
هاتنەوە
گەڕانەوەیە بۆ گەڕەکی شەرم
بۆ کۆڵانی ترس
بۆ ماڵی خامۆشی
بۆ ژووری تەریق کردنەوە
هاتنەوە
باوەشکردنە بە منداڵییەکی کوژراو
بە گەنجێتیی کوژراو
بە تەمەنێك لە ئەزموونی پرۆڤەی خۆکووشتن
بە تەمەنێك لە ئەزموونکردنی وەڕسی
هاتنەوە،
ئاخ هاتنەوە
***

ببوورە
ئەوە من نەبووم
ئەوە من نیم
ختوکەی سۆزم مەدە، تکایە
چیلکە لە برینی بێ تۆییمدا مەژەنە
خوێ بە برینی بێ خۆییمدا مەکە
وەسوەسە مەڕژێنە ناوم
مەمخەرە سەر کەڵکەڵەی گەڕانەوە
بهێڵە لێرەبم
لێرە لەگەڵ نەشئەی تەنیاییم
لەگەڵ مەستی غوربەتیم
بمێنمەوە
بڕستی گەڕانەوەم نییە
بڕستی هاتنەوە
سەر هیچ
سەر گۆڕغەریبی منداڵیم
سەر تەرمی بێنازکەوتووی گەنجیم
نایەمەوە
هاتنەوە

سەرکردنە بەسەر خەمێکی تر،
ژانێکی تر،
بێهوودەییێکی تر
لێرە دەمێنمەوە
خۆم و گوناهەکانم
من ڕاهاتووم و دەرەقەتی ئێرە دێم
دەرەقەتی دۆزەخەکەی
تاڵییەکەی
برینەکانی
سووتانەکانی
***

هاتنەوە،
ئاخ هاتنەوە
هاتنەوە
گەڕانەوەیە بە سواری شەمەندەفەرێکی شەکەت
فارگۆنەکانی هاڵاوی برینیان لێ هەڵدەستێ
شەمەندەفەرێکی کەنەفتی سەڕڕێژ
لە چیرۆکی ڕێبواری سەرگەردان و
لاشەی غەریب و
تەرمی غەریبی!

نا،
هاتنەوە
گەڕانەوەیە بە سواری عارەبانەیەکی دوو چەرخ
ئەسپێك ڕایدەکێشێ
تەنیایی ئێمە، پیری کردووە
غوربەتی ئێمە، پشتی چەماندۆتەوە
ڕەنگە بگەین و
لەوانەیە نەشگەین
دەی
با نەگەین، باشتر
باشترە لەوەی بگەین و
دەم بنێینەوە بە بنکڕی برینەکان
بین بنێینەوە بە دواچۆڕی ئازارەکانمان
دیسان و بۆ هەمیشە
خۆمان و ئەوان بخۆینەوە
هاتنەوە،
ئای لە دەردی هاتنەوە
وای لە ژانی هاتنەوە!

## لێکچوون

من و دەریا
لە تووڕەییدا چەند لە یەك دەچین
ئەوە نەبێ
ئەویان شەڕ بە کەنار دەفرۆشێ،
منیش بە قووڵایی خۆم
ئەویان دەیکاتە کەفچڕ،
منیش بە هەڵمی وشە
لە هەڵچووندا،
گەردەلوول چەند لە من دەکا

لە توڕەییدا،
لەگەڵ ڕەشەبا چەند لە یەك دەچین
ئەوە نەبێ
ئەوان بسکی دەوەن،
کەزی درەخت،
پرچی گوڵ دەوەرێنن
من، خۆم
ئەوان بەشی دڵنەوایی،
گەردی ماچێك بە سروشتەوە ناهێڵن
من، بەشی مانەوە،
گەرمییەك لە خۆمدا ناهێڵمەوە

## مردن

مردنیش سەیرە ها!
لە هەموو شوێنکاتێ بەدوامانەوەیە
بە ڕەنگی جیاواز دەڕژێتە ناومان
جاران دەبووە قامچی و
بەسەر پشتماندا بەجێ دەما
دەبووە بیابان و
دەڕژایە بیناییمان
دەبووە هەناسە و
ژاراویی دەکردین
هەنووکە،
جارێك دەبێتە خێوی نان،
دێتە خەونمان
جارێك دەبێتە شەکری یاسا،
وەك تەڵە پیاماندا دەتەقێتەوە
جارێك سواری شەپۆلان دەبێت،
خەونی کۆجکردنمان دەزڕێنێ
جارێك دەبێتە گوللەی وێڵ،
سینگی خۆشییەکانمان دەپێکێت

## بیرەوەری

وەك لمی کەنار دەریا،
کە خوڕەی گەڕانەوەی شەپۆل،
لە گوێچکەیدا دەزرنگێتەوە
وەك مەیینی دوا شەپۆلەکان،
بە بنمیچی پشتی کیسەڵ
وەك ئەو درەختەی،
بەدەم حوزنی ئاوابوون،
گیانەڵایەتی
وەك کزەی جەرگی ئەو خۆرەی،
ئاوابوون دەیخواتەوە
وەك دوو شووشەی، پڕ تەنیایی
ڕۆژێك دێ،
چاوەڕوانی سیسم دەکات،
مەیلی خۆکوشتن دەڕژێتە سەرم و
هەموومان دەبینە بیرەوەری

## مەراق

هاوڕێ
من چیتر نامەوێ،
پیاوی دڵڕەقی چیا بم
سەرکەشی بە من چی،
کە تا ئێستا،
نۆتەی ئاوم بۆ ناخوێندرێتەوە!

## شوێنکات

بمبەخشە،
لە شوێنێك،
کە بەخشین تێیدا، تاوانە
بمکوژە،
لە زەمەنێك،
کە کوشتن تێیدا، ژیانە!

## چەپگەرد

ئەی دۆست،
لە پەنا مرۆڤ کوژەکاندا،
شەڕی بێدادی ناکرێ
لەگەڵ چەتەکاندا،
جوامێری ناچنرێتەوە!

## جەللاد

دوێ شەو، باخچەیەکم بینی
خەم، لە گوڵەکانی دەچۆڕا
بۆ بەیانییەکەی تێگەیشتم
پەپوولەیەك،
بە دڕکەزیی پەرژینەکەیەوە
ڕۆحی داوە
ئای، مرۆڤ!

## پرسیار

ئەوە جەللادە، یان خوێنەر
لەنێو پەڕی کتێبەکانیدا
پەپوولەیەك،
بۆتە تۆز
گوڵێك،
سیس سیس دەچێتەوە و
ڕۆحی، هەلا هەلا بووە؟

## باران

سەرم پڕە لە گەواڵە هەور
پەنجەرەکەم دەکەمەوە
گەڵا و گوڵی باخچە
نم نم، وشەیان لێ دەتکێ

## ماچ

شەو لە لێوی،
گوڵێکی باخچەکەماندا
دڵۆپێك شەونم ڕژا
بەیانییەکەی،
شوێن مژینی ماچێکم
بە ڕووخساری زەوییەوە دی!

# تۆ هەر لێرەیت

**لە کونج بە کونجی ماڵەکەم**
**لەودیو درەختەکەی حەوشە**
**بۆت دەگەڕێم**
**لەنێو درزی دەفتەرێکدا دەتدۆزمەوە**
**وشك نەبوویت**
**هێشتا تەڕییتیی هەناسەکەمت پێوەیە**

## گەمەی عیشق

تۆ بڵێ:
من،
برێك شێتیم لە خوێندا دەگەڕێ
یان تۆ،
کەمێك لە گەوجێتی، ڕژاوەتە کەللەت؟

## بێخاڵ

بێخاڵ،
منداڵێکی عەجوولە و
لەگەڵم دێ
تا پیرتر بم
لە خەیاڵم جوانتر دەبێت
وەك چرۆی تازە پشکووتووی
دوای تووڕەییەکانی خەزان

## کۆترەکانی (پوشکین)

هەفتەیەکە
کۆترەکان لێرە دەبینم
چما ئەوانیش وەك ئێمە،
چێژی ژنەوتنی شیعر بەڵەدن؟
چما ئەوانیش وەك ئێمە،
لە سەمای وشە تێدەگەن؟
چما ئەوانیش وەك ئێمە،
ڕیتمی خەیاڵ
پڕی کردوون لە خەونی فڕین و سەما؟
چ سەیرێکە!
گمەی کۆترەکانی ئەو ناوە
لە گمەی هیچ کۆترێکی دونیا ناکەن

کۆترەکانی ئێرە،
بۆ ئەوە لێرە نین
دەنکە شاندەریمان لەگەڵ بەش کەن
بۆ ئەوە نەهاتوون،
بە شەرمەوە
وردەنان لە گیرفانمان بدزن
بۆ ئەوە لێرە نین
ناز و عیشوە بە ڕێبواران بفرۆشنەوە
بۆ ئەوە نەهاتوون،
سوێی فڕینمان بکەنەوە
هاتوون دوای ئاوێزانبوون
دوشێك لەبەر بارانی،
گۆرانییەکانی (پوشکین) بگرن و
خۆیان تا تەوقی سەر
لە کەفی شیعرەکانی بگرن
هاتوون،
لە هێلانەی خەیاڵی ئەو پیاوەدا
وردە گەڵای شیعر و
تاڵ تاڵی وشە ببەن و
بیچننەوە و
بیکەن بە لانەی خۆشبەختی

## پەیکەری (چایکۆفسکی)

لە چەقی گۆڕەپانی هەتاو
لەسەر شەقامی تریفە
لە بەر باران
ڕووت ڕووت،
بەبێ چەتر ،
چاوی بڕیبووەو
شەقامی پڕ حەشاماتی عیشق
دەستی خستبووە،
گیرفانی یەك بە یەکی ڕێبوارەکان
بینیم
دوای تەوقە
هەر یەکەیان و
لەبەر دەرگای هۆڵی ئاواز
بە مشتێ خەونی وەنەوشەیی
خۆشنوود
بە باڵی فڕینەوە هاتنە دەر

چەند جوانە
پیاسەی نێو ڕاڕەوەکانی ڕیتم
چ ئەفسوونێکە
دیواری کاس لە ترپە
کە لەگەڵیدا دەدواین و
(چایکۆفسکی)ش لەوێ نەبوو
چەند جوانە،
لەوێ نەبیت و
لە هەموو شوێنێك بیت و
زاکیرەکان پڕکەیت لە مانەوە!

## ماڵی (بتهۆڤن)

له شاری عەتر
گەڕەکی مرواری
کۆڵانی هەناسە
ماڵی باخچە
له بالکۆنی درەخت و گوڵ و گەڵا
لەبەر پەنجەرەی ڕوانین
(بیتهۆفن)م بە بەرگی سپییەوە بینی،
ئاوازی بۆ ژیان دەچڕی
چ سیحرێك بوو، ماڵی مۆسیقا
کە بە پەیژەی نۆتەکانا سەردەکەوتین،
ئەو ناوە سەوز دەچووەوە لە ئاواز
(بتهۆڤن) خۆی لەوێ نەبوو
چەند جوانە لەوێ نەبیت و
لە هەموو شوێنێك بیت!

پاشبەند

# چەپکێ سۆز

## پێشگوتن

ڕەنگە ئەو چەند لاپەڕەیە، یان ڕاستتر ئەو چەند پەیڤە سادانە، ئەوەندە نەهێنن مرۆ پێشەکی بۆ بنووسێ. لە ڕاستیشدا هەر وایە. چونکە نە شاکارن و نە داهێنان، بەڵکو تابلۆی کۆمەڵێ دیمەنی چەند ساتێکی وەڕسی و بێزارین و زادەی هەستێکی پەڕپووتن، یاخود ڕوونتر بڵێم، تۆماری کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەریی سەردەم و قۆناغی جیا جیای تەمەن و دەوروبەری تژی ئاشووب و نەهامەتی و ناسۆرن. بۆیە ناتوانم ناویان لێبنێم شیعر، خۆ ئەگەر ڕۆژێك نیگایەك لای لێکردنەوە و پێی وابوو شتێکن، ئەوا خۆشبەختم!

بەهەرحاڵ، ئەوانە کۆمەڵێ لاپەڕەی پەرتەوازە و تۆز لێنیشتووی، چەند قوژبن و کەلێنێکی ماڵەوە و کتێبخانە چکۆلانەکەمن، کە هەر یەکەیان لە شوێنکاتێکی جیا، لە قۆناغێکی تێگەیشتن و پێگەیشتن نووسراون و بە باشم زانی، وەکو وردە زەنگیانەی ڕژاوی بیرەوەرییەکان، لەم پاشبەندەدا کۆیان بکەمەوە.

دەمەوێ بڵێم، بەشێك لەو سۆزانە، لە کۆڕ و

سیمیناران خوێندراونەتەوە، هێندێکیشیان لێرە و لەوێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا بڵاوکراونەتەوە کە دەشێ لەوانەی دوایی هەست بە جیاوازییەك و چێژێك بکرێ، لەگەڵ ئەوانی تردا.

## سەفەر

وەرە و
دەستی حەزم بگرە
با پەساپۆرتی، شاری ئەودیو باڕووت، ببڕین
وەرە و
ئاوێزانی هەناسەی ناخی حەسرەت کێشم بە
با بۆ مەنفای چۆڵی، هەنگاو بنێین
دە وەرە دەی
با حەشاماتی جیهانی مرۆ، جێبێڵین و
بەرەو سارای هەسارە وشکەکان پێهەڵگرین
لێرە، ئاو، گەنیوە..
لێرە، ئاسمان، لێڵە..
لێرە، بەر پێی چاو، تاریکە..
لێرە، زەمەن، چەقۆی ئافاتی مەرگە..
لێرە، ژین، میلێکی ژەنگ گرتووە..
وەرە و
لەگەڵ تەنیایی ڕۆحمدا ئاوێتە بە
کە تۆ نەیەیت، چیم لە سەفەر؟
من نامەوێ، هەگبەی هزرم لێرە بێت و
لەوێندەریش، جەستەیەکی سارد و سڕ بم

ده پێم بڵێ
لەم دەڤەرە، چ هەیە.. کێ هەیە
تینوێتی تەنیاییم بڕکا و
سەدای دەنگی ناخم بێت و
لەوێندەریش،
لە خانەقای گەرمە زیکری، خەڵوەتمدا
دەف ژەنم بێت؟
ده پێم بڵێ، کێ هەیە کێ..
لەم مەنجەنیقی، نە مەرگ و نەژیندا، دەربازم کا و
بەرەو باڵەخانەکانی بەهەشتی خوا، دەستم بگرێ؟
کێ هەیە کێ..
لەم دووڕییانەی، مەرگ و گومان
ترس و ئومێد
لەم دۆزەخەی، هەنگاو و ڕامانمدا، نەجاتم دا و
بەرەو جێژوانی هەتاو و
دوا هەواری ڕازی ناخ و
سەفەری ئەمجارەی ڕۆحم
دەستم بگرێ؟
دڵنیابە..
لەم سەفەرەم تەنیایی خۆم جێناهێڵم!
لەم سەفەرم،
ئەوەی دوێنێی تارماییە، هیچ ناهێڵم

لێرە ئێستا،
بێهوودەیی، گیانم دەخوا
ئەفسوس، دەستم،
ناگاتە تەمەن و
ڕۆحی جاویدانی (مەسیح)
تا سەربوردەی نا ئومێدی، بسڕمەوە
دە تۆش مەرد بە و...
دەستی هیوات، بخە دەستی، خەونەکانم
با بۆ ئەودیو،
زەوی خوێن و مەرگ و شەڕ و
گریە و پرسە و وێرانی
سەری ئەم کۆچە، هەڵگرین

..................................................

* لە ژمارە ٨٢ی ڕۆژی ١٩٩٨/٦/٢٦ی ڕۆژنامەی برایەتی (ئەدەب و هونەر) بڵاو بۆتەوە.

# قوربانی

«بۆ ڕۆحی ئەوانەی بوونە سووتەمەنی
شەڕی براکوژی»

لە تۆ ناگرم..
هۆ ڕووتەڵە و باریکەڵەی
ناو کەمینی، سێدارەی ڕۆح
هۆ پێڵوی تیری پارێزی،
پێکانی چاو
لە تۆ ناگرم..
هۆ قامکی سەر پەلاپیتکەی،
ئەجەلی دەست
هۆ دەمی تینوی، خوێنی سەر
لە تۆ ناگرم..
هۆ زمانی، خەنجەری مل
هۆ دەستی، جەڵادی جەستە
نەفرەت لەوان...
لە نەوبەهاری برسێتی و
ڕەحمەتی چەقۆی هەژاری
نەفرەت لە وێ..

لە ئاسمانی، لاتی و زەبوونی و نەداری
نەفرەت، لە بۆنی لاشەی جەنگ
نەفرەت، لە نابوودی باڕووت
نەفرەت، لە بەد سیمای تفەنگ
نەفرەت، لە خەونی نەگریسی،
خواکانی، سەر تەختی شەڕ
نەفرەت لە دەمی چڵێس و
حەزی زووحاکی ناوەوەی،
هەموو پادشایەکی دەبەنگ
تۆش لێم مەگرە..
بەستەزمانی، ژێر ڕەحمەتی، بارانی خوێن
وا، ڕاهاتین
وا، فێر کراین
وا، گەورە بووین
زوومی چاومان، وێنەی تارمایی بکێشێ
بڵێین، ئۆخەی، ئاسمانی شین
دەستمان، چزو بکا بە خۆی
بڵێین، ئۆخەی، ژیلەمۆی ژین
پێمان، بمانبات بۆ دۆزەخ
بڵێین، ئۆخەی، مێرگی ئەڤین
شانۆی مێشکمان،
پڕبێ لە تابلۆی وێرانی

بڵێین ئۆخەی دیمەنی رازاوەی بەهەشت!
گوێمان کاسی سەدای زرم و
هۆڕ و شریخەی تەقە بێت
بڵێین، ئۆخەی، لە ئاوازی خۆشخوانی،
سەیران و گەشت
لە تۆ ناگرم..
ئەی ساویلکەی، گیرۆدەی چرنوکی مەرگی،
جەنگەڵستانی شەڕخوازان
نەفرەت، لەو گوێچکەیەی، لە پاریزی تەقە دایە
نەفرەت، لەو دەستەی، عەشقی بالاَی چەکە
نەفرەت..نەفرەت
« نەفرەت، لەوەی ،یەکەم دەرسی مێژووی، داینێ»
نەفرەت، لە کەللەی، تینوی خوێن
نەفرەت، لە هۆقژنی جوێن
نەفرەت، لەوەی، سەربوردەی شەڕی بۆ گووتین
نەفرەت، لەوەی، فێری یەکەم تەقەی کردین
لە تۆ ناگرم..
هۆ نێچیری بێتاوانی، دەستی درۆ
هۆ ڕووتی ژێر بەرگی دروشم،
هۆ خاترجەمی، شای برۆ
نەفرەت، لەو کەڵە پووچانەی،
لە خەڵووزی، ئێسك و پروسکی لاوەکانمان

مکیاجی ڕوویان، دادەڕنن
بۆ ئەفسوونی، شەوی سووریان
خوێنی ناخمان، دەسوتێنن،
سەرمان بە باڵایدا، دەبڕن
ئەوە نییە
لە ناو کێڵگەی، لاشە خەڵووزینەکانمان،
لە لینجاوی، ژێر دامێنی، پاکیزەیی کچەکانمان، دەمیان
دەسوون؟
لە خەرمانی، گەڵای تەمەنی وەریومان،
لە پێخەفی، شادی دەنوون
ئەوە نییە
لە سەر کانیی خوێنی ناخمان
پێکی مەستی، بەسەر دەکەن؟
لە ژێر چەتری، بسکی سووتاوی خوشکەکانمان
شاباشی کەیف، لێدەدەن
لە تاڤگەی ئەسرینی دایکان،
چرای شەوی سوور، هەڵدەکەن
لە تۆ ناگرم..
ئەی پەڕپووتی لانەوازی،
ژێر بەزەیی و
سێبەری، مەرگی وێرانی
ئەی تەمەنی، (دە) بەهار نەدیوی، وڵاتی

بەفر و خۆر و سیجر و جوانی
تۆش، لێم مەگرە
ئەی قوربانی ئاسۆی سوور و
خەونی سەوز و
حەزی کپی ئەرخەوانی
لە تۆ ناگرم..
ئەی سەوڵی، کەشتی وێرانی
ئەی پەزی، راسپاردەی دەستی
گورگەمێش
ئەی (دێجامە)ی، راوچییانی
ئاوەدانی
ئەی کڵۆڵی، دوای ئیمامی
بێ دەستنوێژ
لە تۆ ناگرم..
ئەی تەلی (ساز)ی، ناسازی،
دەستی مەستان
ئەی فڵچەی دەستی، شاکانی،
سنووری مەملەکەتی ڕەش
ئەی گیرۆدەی، عەقڵی تاریکی،
جەنگەڵستان!
تۆش، لێم مەگرە
ئەی بیلبیلەی چاوی بیر و

## چرای ئاسۆم
## ئەی هەوێنی، هۆنراوەی گەش

.............................................................

* لــە ژمــارە ٢٥٨ی ڕۆژی ١٩٩٧/٧/٩ی هەفتەنامــەی (ڕێــگای کوردســتان) بڵاوکراوەتــەوە.

**............؟!**

**له دوورپیانی، هات و نەهاتدا**
**من تێماوم**
**بۆ یەکەم هەنگاوی تەمەنم هەڵێنا؟**
**ئەی بۆ پێشبڕکێی، ماراسۆنی، ئامێزی**
**تاریکایی ناخ، دەکەم؟**
**لەم نێوەندە بێسنوورە،**
**له قووڵاییەکانی ڕەهەندی ئەزەل، ڕادەمێنم و**
**دەڕوانمە، بەرزاییە دەرزیلەییەکانی**
**قاوخی پەپوولەییم**
**ئاخ بۆ رۆژە بەسەرچووەکان**
**خۆزگە بۆ دەستەملانێی**
**سپێدەیەکی ئەرخەوانی**
**نا، نەخێر..**
**نەفرەت، له تێکستی یاداشت و**
**پاشماوەی تەرمی،**
**کاروانی زەمەنی پەیوولەییم**
**نەفرەت، له وێستگەی چاوەڕێی سبەی**
**ئاخ...**
**ئاخ...!**
**ئەی ئەستێرەی ئەودیو ئاسمانی جەنگ**

پەلی ڕۆحم سندم کە و
تەوقی ئەجەل، بخە گەردنی هزرم و
بمبەوە...
بۆ سەردابە تاریکەکانی بێهاواری،
ناخی دایکم
دەخوازم دەرحاڵ،
درزەکانی شۆڕەکاتی نوقمی خوێن،
قووتم بدەن..
نا، نەخێر...
حەز دەکەم ،دەزووە ئاوریشمینییەکانی
دوێنێی ئاسمان، دەستم بگرن
نەخێر، با گێژەنی گەردەلوولی،
ئەزەلیەتی، کۆشی ڕۆژێکی نوێ، هەڵملووشێت
بڕۆ، جێم بهێڵە
نەبادا دۆزەخی هەناسەی ڕاڕام،
دیدی گەشی ناوەوەت، بسوتێنێ
نا، مەڕۆ، دەستی سۆزت،
لە گەردنی، حەزی ناخم، مەترازێنە
لەگەڵم بە، لێم دامەبڕێ
وەرە و
کوتەکی گومانی ناوەوەم، شەق کە و
گەردەلوولە ترس ئامێزەکانی هزرم

کپ کە و
تابلۆی سەرابی ئەودیو رامانم، ڕاو بنێ
ئاخ!
سارا چۆڵەکانی دوور لە باڕووت
لەگەڵ لوورەی ڕەشەبایەکتان،
سڕم کەن و راپێچم کەن
بمبەنەوە بۆ نۆژەن
بۆ ژێر ئەو دارەی، هێشتا باوکم،
دەستنوێژی لێنەشکا بوو
تۆش، لێم ببوورە،
ئەی فریشتەی ئەودیو دونیای خەیاڵم
بە گومانم
لە خۆم.. لە تۆ.. لە ئێوە.. لەو.. لەوان..
لێرە.. لەوێ...
لە ئاگر و ڕووباری شەرابی تەهوور
لە هاتنم.. لە چوونم
لە یاخیبوون و نووچدانم
لە بێدەنگیم.. لە هاوارم
بۆیێ، تەقە لە مانگ گیران، ناکەم
بۆیی، لە کۆچی خۆر زویر نیم
سوونتەی عەشق بوو، مۆمەکان، کز بسووتێن
ئێستا سوونەتی سووتانە و

ئێسك.. چاو.. سۆز.. خۆشەویستی.. ژیان..
مرۆڤ...هتد
ئاورنگی ژیلەمۆی شەڕن

..............................................

* لـە ژمـارە ٦٧ی ڕۆژی ٦/٣/ ١٩٩٨ ی (ئـەدەب و هونـەر)ی (ڕۆژنامـەی (برایەتـی) بڵاوکراوەتـەوە.

## سێ ئاوازی ناسۆر

١

ترس

جنۆکە و دێو ئەژدیها،
تژی بیری منداڵیم بوون
کە چاویشم ،سووتانی جەستەمی، بینی
(ئاگرە سوورە)، لێم بوو بە عیزرایلی مەرگ
بۆیە (عار) نییە، ئێستاکە
لە پەپوولە و گوڵ بترسم

٢

پەلەقاژە

لەوەتەی هەم،
بەربوومەتە گیانی خۆم و
خوێتی ناخم، دەخۆمەوە
بۆیە، نە باڵام چرۆی کرد،
نە ئاسۆی بیرم، بەرین بوو
ئێستا، لە جێی خۆم، دەجوڵێم
نە گوێم لە چرپەی پێی خۆمە و
نە کاروانیش، دەبینمەوە

٣

**یاخیبوون**

**یاخیبوونی منداڵێتیم،**
**هەروا بەبێ حیکمەت نەبوو**
**چاوی نەستم، کیشوەری ئایندەی، دەدی**
**بۆیە، کاتێ کە گەورە بووم**
**هێندەی دونیا**
**یاسا و ئایین .. عورف و ستەم**
**فێری یاخیبوونیان کردم**

.............................................

* لە ژمارە ١١٧ی رۆژی ١٩٩٩/٣/٥ی ڕۆژنامەی (ئەدەب و هونەر) ی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.

## چەپکێ سۆز

١

### خورپەی ناخ

وا هەست دەکەم، کەشتی حەزم
لەم ئاقارە، ئۆقرە ناگرێ و
لە کەناری خەرەندی دامێنت، نەبێ
خورپەی ناخم، دانامرکێ
مادام وایە، دە لێم گەڕێ
با ماری سەر شێتی، هەوەسی ڕۆح
بە خەرەندی، خوار پێدەشتی، سنگت، بڕوا و
بە تنۆکێ ئاوی هیوا،
شۆڕەکاتی ڕەحمت، تەڕکا و
گولاڵەی جەزمی، تیا بڕوێ

٢

### کۆچی سەر شێت

یەکەم هەنگاوی،
کۆچباری، ئەو عیشقە شێتەم
لە کەناری، دوو لێوانت،
دەست پێدەکەم

له هەواری، سینەی پڕ له سۆزیشتدا،
دوا هەنگاوی، ئەو کۆچەی من
کۆتایی دێ و
له نێوانی، هەر دوو دووندی، یاخی بووتدا،
دوا دەواری، خۆم هەڵ دەدەم

٣
سپێدەیەکی شوانی

خەونی عەشقێك، بردیتیەوە
چوویتە ژوانی، نیوە شەوێکی رەهێڵە
بەناو گەرووی، شەپۆلەکانی تاریکی،
هەنگاوت نا
قەپت، له دەنگی، سەگوەڕ کرد
تەڕیەتیت، له باوەشیدا، کردە هەڵم و
شەختەی لێوت،
له پشکۆی کوانووی لێویدا،
تواندەوە
له کەناری دەریای، گزنگی ئاسۆشدا،
کە بێدا بوویتەوە و راچڵەکیت
بە سەرینێکی بەردین و
کەپەنێکی تۆز لێ نیشتوو،
سپێدەیەکی دیت، کردەوە

## ناوەڕۆک

شوون هەڵگر ..................... 5
گەیشتن بە تۆ ..................... 9
میوانێک لە دەرگام دەدا ..................... 11
تەنافباز ..................... 13
ئەنفالمکە ..................... 15
ژوانێک لە ئیسکەندنافیا ..................... 16
ژنێک لە نەسەبی دارمێو ..................... 25
بیـرت دەکەم ..................... 28
دڵم گۆڕستان نییە ..................... 29
تیرۆژە شیعر ..................... 31
مۆتەکە ..................... 45
ڕەچەڵەک ..................... 47
هەڵەبجە ..................... 49
بە لمدا بمناسەوە ..................... 50
ناڵەیـەک لـە عەرعەرەوە دێ ..................... 71
جەنگەڵستان ..................... 79
کۆڵانی ئێمە ..................... 83
ناتەواوی ..................... 85
ژیان ڕەنگە هەموو ئەوانە بێت ..................... 89
ڕۆتیـن ..................... 106
هەڵەیـەک هەیـە ..................... 114
خواحافیـز ..................... 128
سـەفەر دەمخواتـەوە ..................... 129
سـەفەر جەنگـە ..................... 133
دووریییانەکانـی سـەفەر ..................... 135

گەڕیدە ........ 138
سەفەر نیشتمانی نییە، موسافیر هەر هیچ ........ 140
غوربەت دەمخواتەوە ........ 147
مەیە، تۆ مەیە تکایە ........ 148
هاتنەوە ........ 156
لێکچوون ........ 164
مردن ........ 166
بیرەوەری ........ 167
مەراق ........ 168
شوێنکات ........ 169
چەپگەرد ........ 170
جەللاد ........ 171
پرسیار ........ 172
باران ........ 173
ماچ ........ 174
تۆ هەر لێرەیت ........ 175
گەمەی عیشق ........ 176
بێخاڵ ........ 177
کۆترەکانی پوشکین ........ 178
پەیکەری چایکۆفسکی ........ 180
ماڵی بتهۆڤن ........ 182

پاشبەند ........ 183
پێشگوتن ........ 185
سەفەر ........ 187
قوربانی ........ 190
.............؟! ........ 196
سێ ئاوازی ناسۆر ........ 200
چەپکێ سۆز ........ 202

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا...

- نووری ئیبراهیم عەلی ناسراو بە (نووری بێخاڵی)
- ساڵی ١٩٧١ لە ڕواندز لە دایك بووە
- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی – زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٥
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان

## چاپکراوەکانی نووسەر

١- لە پێناو هوشیاری نەتەوەیی – نووسین/ ٢٠٠٠، بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی (میدیا).

٢- گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی – وەرگێڕان بە هاوبەشی/ چاپی یەکەم ٢٠٠٢ و چاپی دووەم ٢٠٠٤، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.

٣- قوتابخانەی فرانکفۆرت – وەرگێڕان بە هاوبەشی/ ٢٠٠٣، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.

٤- ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری – نووسین/ ٢٠٠٦، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری سۆران بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٥- شەلاڵم بە عەتری ئێوارە – شیعر/ ٢٠١١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری مێرگەسوور.